# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٤٦) ساڵی بیست و شەش | ٢٦ ئاب ٢٠٢٦زایینی | ٤ گەلاوێژ ٢٧٢٦ کوردی | ١٣ ربیع الاول ١٤٤٨ کۆچی

**346**



**بڕیاری ژمارە (٢٩٧)ی ساڵی ٢٠٢٦ ئەنجومەنی وەزیران** — لا ١

تایبەت بەمووچەی مانگانەی خانەنشینی کرێکارانی کەرتی تایبەت

**بڕیاری ژمارە (٢٩٩)ی ساڵی ٢٠٢٦ ئەنجومەنی وەزیران** — ٢

تایبەت بە داشکاندنی ڕێژەی (٥٠ %) لە قەرزی کۆنی کارەبا.

**بڕیاری ژمارە (٣٠٠)ی ساڵی ٢٠٢٦ ئەنجومەنی وەزیران** — ٤

تایبەت بە پێدانی (مۆڵەتی ئاسایی بێ مووچە).

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** — ٥

هەمواری دووەمی ڕێنمایی تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** — ٧

هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١.

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** — ٨

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام تاریك

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** — ١٢

تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لەهەرێمی کوردستان .

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی تەندروستی** — ٢١

ڕێنمایی تایبەت بە سەنتەرکانی منداڵی بلوری **(IVF)**

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی تەندروستی** — ٣١

ڕێنمایی تایبەت بە کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی ڕۆن و چەوری خۆراکی بەکارهاتوو

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی تەندروستی** — ٣٤

ڕێنمایی دەرمانی تایبەت بە چارەسەرکردنی قەڵەوی

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی دارایی ئابووری** — ٣٦

تایبەت بە فەرمانبەرانی فەسڵکراوانی سیاسی بەپێی حوکمەکانی یاسای فەسڵکراوی سیاسی ئیتیحادی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٥.

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** — ٣٦

ترازاندنی گوندی (خورکێ) سەر بە ناحیەی ئەتریش بۆ سەر ناحیەی باعەدرێ

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** — ٣٧

**بەیانی ژمارە (١٤ - ١٦)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی تەندروستی** — ٣٧

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد(٣٤٦) السنة ستة وعشرون ٢٦ أب ٢٠٢٦م. ٤ گەلاوێژ ٢٧٢٦ ک. ١٣ ربيع الاول ١٤٤٨ هـ.

346

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|

| قرار رقم (٢٩٧) لسنة ٢٠٢٦ مجلس الوزراء | ١ |
| قرار رقم (٢٩٩) لسنة ٢٠٢٦ مجلس الوزراء | ٢ |
| قرار رقم (٣٠٠) لسنة ٢٠٢٦ مجلس الوزراء | ٤ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية | ٥ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية | ٧ |
| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية | ٨ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١٢ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الصحة | ٢١ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الصحة | ٣١ |
| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الصحة | ٣٤ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الماليه والاقتصاد | ٣٦ |
| بيان رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية | ٣٦ |
| بيان رقم (٦) لسنة ٢٠٢٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٣٧ |
| بيان رقم (١٤ - ١٦) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الصحة | ٣٧ |



No. 346 - Date, 26, August, 2026 - Vol.: 26



العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info



چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٩٠٠٧ لە ٢٠٢٦/٧/٢٧**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩٧) لە ٢٠٢٦/٦/٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بەهۆی جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بەژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان کە تێیدا کەمترین مووچە بۆ خانەنشینی کەرتی گشتی بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار دەستنیشانکراوە، و بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی ژمارە (٣٣٤٢٥) لە ٢٠٢٥/١٢/١٠، و پشتبەست بە ماددەی (٦٥) لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران بە ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو، و ماددەی (٧) لە بڕگەی دووەم لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای پیادەکردن و جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧١) لە ٢٠٢٦/٦/٢٤، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- پەسەندکردنی پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دیاریکردنی کەمترین مووچەی مانگانەی خانەنشینی کرێکارانی کەرتی تایبەت بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.

٢- هەردوو وەزارەتی (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دارایی و ئابووری) ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکەن.

٣- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٩٦٨٧ لە ٢٠٢٦/٨/٥**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩٩) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ماددەی(٤/دەیەم) لە یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١، و بەمەبەستی پشتگیریکردن و کەمکردنەوەی بارگرانیی دارایی لەسەر هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی هەرێم، و ئاسانکاریی لە کۆکردنەوەی داهاتی کارەبا، و فراوانبوونی پڕۆژەی ڕووناکی بە ئاڕاستەی دڵنیابوون لە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاوبەشان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارەبا بە نووسراویان ژمارە (٤٠٩٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٧/٢١ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:**

پێدانی دەسەڵات بە وەزارەتی کارەبا بۆ داشکاندن لەسەر قەرزی کۆنی کەڵەکەبووی هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی لە پێش دەستبەکاربوونی پڕۆژەی ڕووناکی و بەم شێوازەی خوارەوە:

١- داشکاندنی ڕێژەی ٥٠ % (پەنجا لەسەد) بۆ هەردوو پۆلی (نیشتەجێبوون، کشتوکاڵی).

٢- داشکاندنی ڕێژەی ٢٥ % (بیست و پێنج لەسەد) بۆ پۆلەکانی (کەرتی گشتی، بازرگانی، پیشەسازیی).

٣- لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتی دەستپێکردنی داشکاندنەکە، پێویستە هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی کە قەرزی کۆنی کەڵەکەبوویان لەسەرە لە پێش دەست بەکاربوونی پڕۆژەی ڕووناکی بە یەکجار پارەی قەرزە کۆنەکانیان بدەن، و هاوبەشان هاندەدرێن کە لە ڕێگای ئی-پسووڵەوە پارەی قەرزەکانیان بدەن.

٤- ئەم بڕیارە قەرزەکان و شایستەکانی تایبەت بە (پڕۆژەی ڕووناکی) ناگرێتەوە و پێویستە هاوبەشانی کارەبا بەردەوام بن لە پێدانی بڕی پسووڵەکراوی کارەبای مانگانەی پڕۆژەی ڕووناکی لە کاتی خۆیدا.

٥- ئەم بڕیارە ئەو هاوبەشانە ناگرێتەوە کە فیدەری تایبەت بەخۆیان هەیە.

**دووەم:**

پێدانی دەسەڵات بە وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی کەوتنەبواری جێبەجێکردن و کۆتاییهاتنی ماوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکە.
٢- سازدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوە بۆ هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی و ڕوونکردنەوەی ڕێکاری تۆمارکردنی داواکارییەکان و بڕی قەرزی کۆنی کەڵەکەبوو (پێش داشکاندن و دوای داشکاندن).
٣- دەستنیشانکردنی وردەکاریی شێوازی پارەدان و چۆنیەتی دەستڕاگەیشتن بەم داشکاندنە و ئەو هاوبەشانەی کە داشکاندنەکە دەیانگرێتەوە بەپێی ئەم بڕیارە .
٤- بڕیاردان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بڕە قەرزەی کە دەمێنێتەوە دوای تەواوبوونی ماوەی بڕیارەکە.

**سێیەم:**

دوای تەواوبوونی ماوەی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێویستە وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی تیمی پڕۆژەی ڕووناکی ڕاپۆرتێکی کۆتایی لەسەر ئەنجامی بڕیارەکە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکەن.

**چوارەم:**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٩٦٨٨ لە ٢٠٢٦/٨/٥**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٣٠٠) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دابە:

١- وەزیر و سەرۆکی دەستەی نەبەستراو بە وەزارەت مافی پێدانی (مۆڵەتی ئاسایی بێ مووچە) یان هەیە بە فەرمانبەران لە کاتی پێویستدا، بە مەرجێك ماوەی مۆڵەتەکە لە (٢) دوو ساڵ تێپەڕ نەکات.

٢- ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ هیچ مەبەستێکی خزمەت و خانەنشینی هەژمار ناکرێت.

٣- ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨) لە ٢٠١٥/٤/٥.

٤- ئەو فەرمانبەرانەی کە لە پێش بەرکاربوونی ئەم بڕیارە مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨) لە ٢٠١٥/٤/٥ مامەڵە دەکرێن تا تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەیان و ئیتر جارێکی دیکە نوێ ناکرێتەوە.

٥- ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

وەزارەتی ناوخۆ

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦

## هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی(ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆی بەرکار ژمارە (٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ ) و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی٢٠٢٥ تایبەت بەهەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٢، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بەدەرچوواندنی ئەم هەمواره ڕێنماییە :

**ماددەی (١):**

زیادکردنی برگەی(٧) لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە(٢ی ساڵی٢٠٢٢)بەم شێوەیەی خوارەوە:

٧- تابلۆی هەناردەکردن .

**ماددەی (٢):**

زیاد کردنی بڕگەیە لە ماددەی حەفتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٢ کە دەبێتە زنجیرە (پێنجەم)بەم شێوەیەی خوارەوە :

**پێنجەم:** نووسینی سەر تابلۆی هەناردەکردن بە رەنگی(سوور) چاپدەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هێمای(IRQ)و(KR) لەلای چەپی تابلۆ چاپدەکرێت بە هێڵێکی ستوونی هێمای پارێزگا و ساڵ و ژمارەی تابلۆی جیادەکرێتەوە .

٢- کۆدی پارێزگا بە هێمای (-) لە ساڵی دەرچوونی تابلۆ جیادەکرێتەوە .

٣- کۆدی پارێزگا لەلای چەپی سەرەوەی تابلۆ و ساڵی دەرچوونی تابلۆ لە لای راستی سەرەوەی تابلۆوە بەشێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت .

٤- ژمارەی تابلۆی هەناردەکردن ئۆتۆمبێل لە ژێر کۆدی پارێزگا و ساڵی دەرچوونی بە شێوازی ئاسۆیی چاپ دەکرێت .

٥- پێدانی زنجیرە ژمارەی تابلۆی (هەناردەکردن) ساڵانە لە رێکەوتی (١/١)ی هەموو ساڵێک دەستپێدەکات و لە رێکەوتی (١٢/٣١)ی هەمان ساڵ کۆتایی دێت بە هەمان سیستەمی پەیڕەوکراو تایبەت بە (تابلۆی کاتی) بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی٢٠٢٥ هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٢ و نووسراومان ژمارە(٣٧٥٢٥ لە٢٠٢٥/١١/٢٧).

٦- ژمارەی تابلۆی هەناردەکردن لە پێنج خانە پێک دێت (دوو پیت لەلای راستی خوارەوەی تابلۆ + سێ ژمارە لەلای چەپی خوارەوەی تابلۆ) .

٧- تابلۆی هەناردەکردن دەبەسترێت لە کاتی هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق لە دەروازە سنوورییەکان .

**ماددەی (٣):**

زیادکردنی بڕگەی(شەشەم) لە ماددەی هەشتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢ی ساڵی٢٠٢٢) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**شەشەم:** ڕەنگی باکگراوندی تابلۆی هەناردەکردن بە ڕەنگی(زەرد) دەبێت .

**ماددەی (٤):**

ئەم ڕێنماییە هەمواریيە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٣٦٢٠ لە ٢٠٢٦/٨/٦**

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**هەمواری پێنجەمی ڕێنماییمان ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل**

دوا بەدوای ڕێنماییە هەموارەکانمان بە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ و ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە وفرۆشتنی ئۆتۆمبێل)و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و هەموار کراو بە بەیانمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریبە:-

**ماددەی (١):**

زیادکردنی برگەی (٥) بۆ ماددەی سێیەم/دووەم لە ڕێنمایمان ژمارە(٣)ی ساڵی٢٠٢١ هەموارکراو و بەم شێوەیەی خوارەوە:

٥- لە دوای تەواو کردن یان نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەلایەن پێشانگاکانەوە بەپێی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکان (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان پێش تۆمارکردنی کۆتایی پێشانگا یان نوێ کردنەوەی تۆماری پێشانگاکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل,نووسراوێک ئاڕاستەی یەکێتی ژووری بازرگانی دەکات بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی نێوەندگیری بەپێی برگەی/دووەم لە ماددەی/دووەم لە یاسای نێوەند گیری ژمارە(٥٨)ساڵی ١٩٨٧ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و لەدوای وەڵامی یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان , تۆماری کۆتایی پێشانگا لە وەزارەتمان ئەنجامدەدرێت و ڕێگای کارپێکردن و کۆدی پێدەدرێت .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٣٦٥٠ لە ٢٠٢٦/٨/٦**

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦

## ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام تاریک

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییە:

### پێناسەکان

**ماددەی (١):**

١- **هەرێم :** هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢- **وەزیر :** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم.

٤- **مۆڵەت:** مۆڵەتی جام تاریك.

٥- **جام تاریك:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە لە بنەڕەتدا لە کۆمپانیای دروستکەر بە ڕێژەی (٣١ % تا ٥٠%) و (٥١% تا ٨٠%) و (+ ٨٠%) تاریکن.

٦- **جام تاریك کردن:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە بە لەزگەی تایبەت بە ڕێژەی (٣١ % تا ٥٠%) و (٥١% تا ٨٠%) و (+ ٨٠%) تاریك دەکرێن.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لەم ڕێنماییە ڕێکخستنی مۆڵەتی تاریك کردنی جامی ئۆتۆمبێلە کە خاوەنەکانیان کەسانی سروشتی یان معنوین بەرامبەر کرێیە کارگێرییەکان کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (پێنجەمی) دیاریکراو.

### مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت

**ماددەی (٣):**

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند کە ئۆتۆمبێلەکە لێی تۆمارکراوە.

٢- پێویستە ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو (هەڵگری ژمارەتابلۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت و ئۆتۆمبیلەکە بەناوی خاوەنەکەی بێت) و (هەڵگری ژمارە تابلۆی نوێی پارێزگاکانی عێراقی فیدراڵ کە خاوەنەکەی دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و ئۆتۆمبیلەکە بەناوی خاوەنەکەی بێت) و (ژمارەتابلۆی بیانی بەمەرجێک بە شێوەیەکی فەرمی هاتبێتە ناو هەرێمی کوردستان و ئۆتۆمبێلەکە بەناوی خاوەنەکەی بێت).

٣- مۆڵەتی جام تاریك بۆ ماوەی (١) یەك تا (٣) ساڵ دەبێت بەپێی کرێی کارگێڕی ساڵانە کە لەم ڕێنماییە هاتووە و بەپێی ماوەی مۆڵەتەکە نوێ دەکرێتەوە.

**مەرجە هونەرییەکان**

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** جام تاریك کردن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- بەهیچ جۆرێک نابێت جامی پێشەوە تاریك بێت یان تاریك بکرێت دەبێت ١٠٠% رووناکی پێدا تێپەڕێت.

٢- تاریك کردنی دوو جامی دواوەی شوفێر و جامی پشتەوە و جامەکانی کورسی سێیەم ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە ستیشن بێت.

٣- تاریك کردنی تەواوی جامەکانی ئۆتۆمبێل جگە لە جامی پێشەوە.

٤- خاڵی (١، ٢ ، ٣)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەسەریان جێبەجێ دەکرێت لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەرەوە جامەکانی تاریکن.

**دووەم:** جامی ئۆتۆمبێل بە ئامێری تایبەت پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ زانینی رێژەی تاریکی جامەکە لە بنەرەتەوە و بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی هەرێم نووسراو دەکەن بۆ شوێنی تایبەت بە جام تاریك کردن و بە بێ نووسراو هیچ شوێنێك بۆی نیە جامی ئۆتۆمبێل تاریك بکات.

**سێیەم:** لە ئامێری سزای ئەلیکترۆنی ئۆتۆمبێل بڕگەی جام تاریك کردن زیاد دەکرێت بۆ زانینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە موڵەتی جام تاریك یان پەردەیان هەیە.

**چوارەم:** دوای تاریك کردنی جامی ئۆتۆمبێل دووبارە بە ئامێری تایبەت پشکنینی بۆ دەکرێت و نابێت لەو رێژانەی دیاری کراون لەم ڕێنماییە تێپەڕ بێت.

**پێنجەم:** سێ ستیکەری تایبەت دروست دەکرێت بۆ هەر سێ رێژەی (٣١ % تا ٥٠%) و (٥١% تا ٨٠%) و (+٨٠%) و لۆگۆیەکی (شەفاف)کە رێژەی جام تاریکییەکەی لەسەر دیاریکرابێت و لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند دەچەسپێندرێت لەسەر گشت جامە تاریکەکانی ئۆتۆمبێل لەدیوی ناوەوە ودەرەوەی خوارووی لای ڕاستی دیوی شوفێر و خوارووی لای چەپی دیوی سەرنشین.

**شەشەم:** ئەم ماددەیە لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانەش جێبەجێ دەکرێت کە لە بنەڕەتدا کۆمپانیای دروستکەر پەردەیان بۆ دانراوە یان پەردە دەکرێن.

**حەفتەم:** کرێی کارگێڕی بۆ بڕگەی (شەشەمی)ی ئەم ماددەیە بە هەمان بڕی هاتوو لە هەردوو خاڵی (٣،٤) ی بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەم وەردەگیرێت.

**هەشتەم:** ئەو ئۆتۆمبێلەی کە مۆڵەتی جام تاریکی پێدراوە بەپێی ئەم ڕێنماییە و خاوەنەکەی دەیفرۆشرێت بەڵام ماوەی مۆڵەتەکەی بەسەرنەچووە، ئەوا ماف دەدرێتە فرۆشیاری ئۆتۆمبێلەکە کە ئەو ماوەیەی لە مۆڵەتەکە ماوەیەتی بۆ ئۆتۆمبێلێکی دیکە بەکاریبهێنێت بە پێشکەشکردنی داوکارییەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بۆ جام تاریککردنی ئۆتۆمبێلێکی دیکە.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم: کرێی کارگێڕی:**

١- هیچ بڕە پارەیەک وەک کرێی کارگێڕی وەرناگیرێت بۆ هەردوو (بڕگەی یەکەم/٢ و ٣) ی ماددەی چوارەمی ئەم ماددەیە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕێژەی تاریکی جامەکانیان لە بنەڕەتدا (لە کۆمپانیای دروستکەر) لە نێوان (١% تا ٣٠ %) بە مەرجێک بە لەزگە جامەکانی تاریك نەکرابێت.

٢- بڕی (١٠٠,٠٠٠) تەنیا سەد هەزار دینار سالانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی یەکەم/٢ لە ماددەی چوارەمی ئەم ڕێنماییە جامەکانی بە ڕێژەی (٣١% تا ٥٠%) تاریك دەکەن یان لە کۆمپانیای دروستکەرەوە تاریك کراون.

٣- بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار سالانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بڕگەی یەکەم/٣ لە ماددەی چوارەمی ئەم ڕێنماییە جامەکانی بە ڕێژەی (٣١% تا ٥٠%) تاریك دەکەن یان لەکۆمپانیای دروستکەرەوە تاریك کراون.

٤- بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار سالانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی یەکەم/٢ لە ماددەی چوارەمی ئەم ڕێنماییە جامەکانی بە ڕێژەی (٥١% تا ٨٠ %) تاریك دەکەن یان لەکۆمپانیای دروستکەرەوە تاریك کراون.

٥- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار سالانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بڕگەی یەکەم/٣ لەماددەی چوارەمی ئەم ڕێنماییە جامەکانی بە ڕێژەی (٥١% تا ٨٠ %) تاریك دەکەن یان لەکۆمپانیای دروستکەرەوە تاریك کراون.

٦- بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) تەنیا یەک ملیۆن دینار وەردەگیرێت ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەرەوە یان تاریك دەکرێن و ڕێژەی جامەکانیان (+٨٠ %) تاریکن.

٧- بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ دەرچواندنی باجی ڕێگەپێدانی جام تاریك کردنی ئۆتۆمبێل.

٨- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پێدانی مۆڵەت جام تاریك یان نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکە.

**دووەم: پێبژاردنەکان:**

**١-** هیچ بڕە پێبژاردنێکی دواکەوتن لە خاوەنی ئۆتۆمبێل وەرناگیرێت ئەگەر مۆڵەتی جام تاریکی نوێ نەکاتەوە بۆ ماوەی (٣٠)سی ڕۆژ لە ڕۆژی کۆتاییهاتنی ماوەی ڕێگەپێدانەکە و دوای ئەو ماوەیە ڕێگەپێدانەکەی بە هەڵوەشاوە ئاژمار دەکرێت و پێویستە دووبارە داواکاری نوێ پێشکەش بکات بۆ پێدانی مۆڵەتی جام تاریکییەکەی وەکو (مۆڵەتی یەکەمین جار).

٢- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەبێ مۆڵەت یان بەپێچەوانەی ئەم ڕێنماییە جامی ئۆتۆمبێلەکەی تاریك کردبێت سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ و لابردنی سەرپێچییەکە.

**سێیەم:** بڕی ئەو پارانەی سەرەوە کەلەم ماددەیە هاتووە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان بەپێی ڕێنماییە داراییەکان .

**چوارەم:**
ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیـای دروسـتکەر جـامی پشـتەوەو تەنیشـتی سـەر سـەندوق تـاریکن بەدەرن لەم ڕێنماییە.

**ئەحکامە کۆتاییەکان**

**ماددەی (٦):**
پێویستە لەسەر گشت مەفرەزەکانی (پۆلیس، هاتووچۆ، ئاسایش) و مـەفرەزە هاوبەشـەکان دەسـت بەسـەر ئـەو ئۆتۆمبێلانـە بگـرن کـە بـە پێـی ئـەم ڕێنماییـە مۆڵـەتیان وەرنـەگرتووە و ڕەوانـەی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکرێت بۆ وەرگرتنـی ڕێکاری یاسایی پێویسـت لـە بەرامبـەر خاوەن ئۆتۆمبێلەکە.

**ماددەی (٧):**
**یەکەم:** ئەم ڕێنماییە ئۆتۆمبێلی تاکسی گواستنەوەی کەسەکان دەگرێتەوە بەمەرجێک:
١- ڕێژەی جـام تـاریکی لە کۆمپانیـای دروسـتکەر یـان کە تاریـک دەکـرێن بە لەزگە نابێـت لە ڕێـژەی (٥٠%) تێپەڕ بکات.
٢- تەنیا دەکرێت هەر چوار جامی (لای شوفێر و سەرنشینی پێشەوە و دواوەیان) تاریک بکرێت.
٣- جامی پێشەوەو پشتەوەی ئۆتۆمبێلی تاکسی بەهیـچ شـێوەیەک نابێـت تاریـک بێـت یـان تاریـک کرابێت و دەبێت ١٠٠% ڕووناکی تێیدا تێپەڕ بێت..
**دووەم:** ئەم ڕێنماییە ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی (تایبەت، کرێ، بار، پیشەسازی و کشتوکاڵ) دەگرێتەوە.
**سێیەم:** بـاجی تـایبەت بە ڕێگەپێـدانی جـام تـاریکی ئۆتۆمبێـل دروسـت دەکرێـت و دەدرێـت بە هەر ئۆتۆمبیلێک کە مۆڵەتی جام تاریک وەردەگرێت.

**ماددەی (٨):**
**ماددەی پێنجەمی ئەم ڕێنماییە ئۆتۆمبێلەکانی هەڵگری ئەم جۆرە ژمارە تابلۆیانە ناگرێتەوە:**
١- ئۆتۆمبێلەکانی پرۆتۆکۆلی حکومەت کە هەڵگری تابلۆی پرۆتۆکۆلن.
٢- ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکایەتی هەرێم کە هەڵگری تابلۆی پرۆتۆکۆلن.
٣- ئۆتۆمبێلەکـانی باڵیۆزخـانە و کونسـولگەرییەکان کە هەڵگـری تـابلۆی دیپلۆماسـین و هەڵگـری ژمارەتابلۆی دەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەکو (UN و خاچی سوور).

**ماددەی (٩):**
**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی (ڕێنمـایی ژمـارە ٥ی سـاڵی ٢٠١٩ هەمـوارکراو و هەردوو بەیانمـان ژمـارە ٤ و ٤٣ی ساڵی ٢٠٢٠ و هەردوو ڕێنماییمان ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٢ و ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٣).
**دووەم:** ئـەو ڕێنماییـە لـە ڕۆژی دەرچـوونی جێبـەجێ دەکرێـت و لـە ڕۆژنامـەی فەرمـی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

پاڵپشت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان هەموارکراو ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لەماددەی ژمارە (١٨)ی ئەم یاسایە پێماندراوە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد .

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لەهەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە، واتاکانی بەرامبەریان ئەگەیەنن بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق .

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕیوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەئیدارەسەربەخۆکان و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگاکانی هەرێم .

**شەشەم: بەڕێوەبەر :** بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارەسەربەخۆکان وبەڕێوەبەری چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگاکانی هەرێم .

**حەفتەم: سەنتەر :** سەنتەری حکومی و ناحکومی و خێرخوازی شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم .

**هەشتەم: سەنتەری خێرخوازی:** سەنتەرێکە کە سوودمەندان بێ بەرامبەر سوودمەندان وەردەگرێت .

**نۆیەم: شەبەنگی ئۆتیزم:** دۆخێکی گەشەی مێشکە کاریگەری لە سەر شێوازی تێگەیشتنی کەسەکە بۆ دەورووبەر و کارلێکردن لە پەیوەندیکردن و هەستکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان و دەبێتە بەربەست بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارکردن لەگەڵ بوونی ڕەفتاری دووبارەیی سنوردار و پێی دەوترێت شەبەنگی ئۆتیزم بەهۆی جیاوازی لە جۆر و نیشانەکانی لەکەسێکەوە بۆ کەسیکیتر جیاواز دەرئەکەویت، لەمنداڵییەوە دەردەکەوێت و بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ژیانی بە ئەگەری چاکبوونی کارامەیی و نیشانەکانی بە پاڵپشتی گونجاو .

**ماددەی (٢):**

ئامانج لەم ڕێنماییە : دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافی منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم و گرتنەبەری هەموو ڕێکارێك بەمەبەستی شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردن و تێکەڵ بوونیان بەژیانی ئاسایی کۆمەڵگا.

**ماددەی (٣):** وەزارەت هەڵدەستێت بە :

**یەکەم:** کردنەوەی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لەسەرئاستی هەرێم .

**دووەم:** پێدانی مۆڵەت بە کەسی ئاسایی و مەعنەوی بۆ کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی تایبەت یان خێرخوازی و سەرپەرشتی کردنی.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** وەزیر یان ئەوکەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت، دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت و سەندنەوەی هەیە لە سەنتەرکانی کەرتی تایبەت و خێرخوازی.

**دووەم:** ماوەی مۆڵەت (٢) دوو ساڵە و لەسەر داوای خاوەنی سەنتەرەکە نوێ دەکرێتەوە و پێویستە بەلانی کەم مانگێك پێش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی داوای نوێ کردنەوە پێشکەش بکات.

**ماددەی (٥):**

لیژنەیەك لەدیوان بەفەرمانی وەزیر پێکدەهێنرێت بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی و ئەندامێتی چەن فەرمانبەرێکی شارەزا لەبواری ئۆتیزم و پەروەردەیی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کاری سەنتەرکان و لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و ئیدارەسەربەخۆکان و بەرزکردنەوەی پێشنیاری پێدانی مۆڵەت و لێسەندنەوەی بۆ وەزیر یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەڵاتی پێ دەدات.

**ماددەی (٦):**

لەهەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەرێم، لیژنەیەك پێکدەهێنرێت لەبواری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر لە ئیدارەی سەربەخۆ بۆ دیراسەکردنی داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری کەرتی تایبەت یان خێرخوازی و دڵنیابوون لەهەبوونی مەرجەکان و بەرزکردنەوەی داواکارییەکان بۆوەزارەت بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت ( سەرپەرشتی کردنیان و بەدواداچوون بۆیان لەمیانەی پشکنینی مەیدانی).

**ماددەی (٧):**

**یەکەم :** مەرجەکانی پێویست لەداواکار :

١- خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

٢- ڕەوشتی باش بێت و حوکم نەدرابێت بەهیچ تاوانێکی بەدڕەوشتی.

٣- فەرمانبەری میری نەبێت.

**دووەم:** بەڵگەنامەی پێویست بۆ وەرگرتنی مۆڵەت :

١- وینەیەك لە کۆپی کارتی نیشتیمانی

٢- وێنەیەك لە بڕوانامەی خۆی یان بەڕێوەبەرەکەی.

٣- هێنانی ئەستۆپاکی لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

٤- هاوپێچ کردنی بەرنامەی کاری سەنتەر کە تیایدا پەیام و ئامانج و دیدی سەنتەری تێدابێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

٥- وێنەیەك لەبەرنامە و پلانی ڕاهێنان و شیاندن بۆ سوودمەندان(لەکاتی دانانی مەنهەجێکی یەکگرتوو لەلایەن وەزارەتەوە و گشتگیر دەکرێت).
٦- ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و بەرگری شارستانی .
٧- وێنەیەك لە بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارەکانی پیشووی لەهەمان بوار (ئەگەر هەبوو) .

**ماددەی (٨):**

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوە.
١- بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت.
٢- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەدهەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.
٣- بۆ سەنتەری خێرخوازی هیچ بڕە پارەیەك وەرناگیرێت .

**ماددەی (٩):**

کرێی وەرگرتن و خزمەتگوزارییەکان لە سەنتەرەکان لەلایەن خاوەنی سەنتەرەکان دەستنیشان دەکرێت و لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر لە ئیدارە سەربەخۆکان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی هاتوو لەماددەی (٦) شەشی ئەم ڕێنماییە، لەسەر بنەمای جۆری باڵەخانەکە و کرێکارەکانی و گشت ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بەسوودمەندان دەکرێن بەمەرجێك بارگرانی زۆر نەکەوێتە سەرشانی کەسوکار و بەخێوکاری سوودمەندان.

**ماددەی (١٠):** لیژنەی دەستنیشانکردن :

**یەکەم:** وەزارەت بەهەماهەنگی لەگەل وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێنێت لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەك بۆ دەستنیشانکردنی منداڵی شەبەنگی ئۆتیزم کە پێکدێت لە :
١- پزیشکی دەروونی پسپۆڕ.
٢- پزیشکی پسپۆڕی دەمار.
٣- پزیشکی منداڵانی پسپۆڕ.
٤- توێژەری دەروونی.
٥- توێژەری کۆمەڵایەتی.
٦- شارەزا لە ڕاهێنان لەسەر قسەکردن.
٧- شارەزا لە پەروەردەی تایبەت.

**دووەم:** شارەزا پێویستە ئەزموونی کارکردنی لە (٣)سێ ساڵ کەمتر نەبێت لەبوارەکەی خۆی.

**سێیەم:** کاتێك بنکەی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی(مرکزتشخیص العوق) لە وەزارەت کەوتەکار ئەم لیژنەیە هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** مەرجەکانی وەرگرتن :
١- نەخۆشی گواستراوەی نەبێت.
٢- تەمەنی لە (٢) دوو ساڵ کەمتر نەبێت.
٣- دەستنیشان کرابێت لەلایەن لیژنەی هاتوو لە ماددەی دەیەمی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم :** مەرجەکان دابڕان :

١- ئەگەر تووشی نەخۆشی گواستراوە بوو .

٢- ئەگەر دەرکەوت دواکەوتنی ژیری توندی هەبوو و وەڵامدانەوەی نەبوو بۆ شیاندن و ڕاهێنانەکان.

**ماددەی (١٢):**

مەرجەکانی پێویست بۆ باڵەخانەی سەنتەری شەبەنگی ئۆتیزم :

**یەکەم:** شوێنی جوگرافی گونجاو بێت و بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی هاتوو لەماددەی (٥) ئەم ڕێنماییە دەستنیشان دەکرێت، لەناوچەیەك پێویستی بە خزمەتگوزاری پەروەردەی تایبەت و ڕاهێنان هەبێت .

**دووەم:** سەربەخۆبێت و هاوبەش نەبێت لەگەڵ ڕێڕەو و خزمەتگوزارییەکانی باڵەخانەیەکی تر و ڕووبەری لە (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت، و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت دەکرێت و بەکاردێت بۆ منداڵان و قاتی سەرەوە تەنها بۆ کارگێڕی بەکاردێت.

**سێیەم:** پێویستە باخچە و یاریگای گونجاوی هەبێت .

**چوارەم:** دیوارەکانی دەرەوەی سەنتەر دەبێت بەرزییەکەی لە (٢)م کەمتر نەبێت .

**پێنجەم:** ڕووبەری پۆلەکان لە (٤ بە ٥) م٢ کەمتر نەبێت .

**شەشەم:** بەرزایی پەنجەرەکان لەزەوی (١) مەتر و بەسەرەوە بێت.

**حەفتەم:** دیوارەکانی تا بەرزایی (١٢٥)سم بە مۆکێت یان کەرستەی پلاستیکی نەرم داپۆشراو بێت، وەپلاک و سویچی کارەبا لەسەرووی ئەم بەرزاییەوە بێت.

**هەشتەم:** بوونی هۆڵی چالاکی وەرزشی ناوەوەی سەنتەر کە ڕووبەرەکەی لە (٤ بە ١٠)م٢ کەمتر نەبێت.

**نۆیەم:** دەرگای سەرەکی پێویستە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی کاربکات و ووشەی نهێنی(پاسۆردی) هەبێت تەنها لەلایەن کارمەندانی سەنتەر بکرێتەوە.

**دەیەم:** هەبوونی نورینگەی پزیشکی کە سەرجەم پێداویستیەکانی تەندروستی لەخۆبگرێت.

**یازدەیەم:** پرسگە دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی سەنتەر بێت.

**دوازدەیەم:** هەبوونی سیستەمی کامێرای چاودێری لەناو سەنتەر بۆ چاودێری گشت بەشەکانی سەنتەر.

**سێزدەیەم:** بوونی ژوورەکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و خزمەتگوزاری بەپێی پێویست.

**چواردەیەم:** بوونی هەردوو جۆری ئاودەستی شەرقی و غەربی لە ناو سەنتەر.

**پازدەیەم:** بوونی مەرجەکانی تەندروستی لە بیناکە :

١- سیستەمی فێنک کەرەوە و گەرم کەرەوەی پێویست و سەلامەت.

٢- سیستەمی هەواگۆڕکێی گونجاو.

٣- ڕووناکی باش و گونجاو.

**شازدەیەم:** دانانی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە بۆ باڵەخانەکە بەگشتی، بەپێی مەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی و هەبوونی دەروازەی فریاکەوتن.

**ماددەی (١٣):** شێوازی ڕێکخستنی پۆلەکانی فێرکاری :

**یەکەم:** تەرخان کردنی گۆشەی بەرامبەر دەرگای پۆل بۆ دۆڵابەکانی پاراستنی هۆکارەکانی فیرکردن و ئەو پێداویستییانەی لێی دروست دەکرێن لەگەڵ کەلوپەلەکانی تایبەت بەمندالانی پۆل و جێگەی جل هەڵواسین لەگەڵ تەرخانکردنی بۆشاییەک لەتەنیشتیان بۆ هەڵواسینی خشتە و پلانی ڕۆژانە و هەفتانە.

**دووەم:** تەرخان کردنی گۆشەی دووەم بۆ کۆمپیوتەرەکانی فێرکاری نوێ کە سەرنجی منداڵ ڕابکێشێت.

**سێیەم:** تەرخان کردنی گۆشەی سێیەم بۆ چالاکییە پراکتیکیەکان لەلایەن مامۆستایان و منداڵەکان لە ڕاهێنانەکانی فێرکاری و شیاندن .

**چوارەم:** تەرخان کردنی ناوەڕاستی ژووری پۆل بۆ دانیشتنی منداڵەکان بەشێوەی نیوەبازنەیی و مامۆستاکان بەرامبەریان دەبن بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردن و بینین و بەشداری پێکردنی هەموو منداڵەکان لەوانە تیۆرییەکان بە بەکارهێنانی هۆکاری فێرکردنی بینراو و بیستراو و بەرجەستە.

**پێنجەم:** نابێت کەل و پەلی لە شووشە دروستکراو و تیژ و بریندارکەر و پەت و داو و وایەر لە پۆلدا هەبێت .

**ماددەی (١٤):**

بەپشت بەستن بە ماددەی (٤) لەیاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەبالایان، ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت هەڵدەستیت بە دانانی پرۆگرام و بەرنامەی یەکگرتوو بۆ شیاندن و فێرکردن و ڕاهێنانی سوودمەندانی سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم .

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم: بەڕێوەبەر:** هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بێت و شارەزابێت لەبواری کارگێڕی و کۆمەڵایەتی، ئەرکەکانیشی بریتین لە :

١- دانانی پلانی ساڵانە .

٢- بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن .

٣- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دامەزراوە حکومی و نیودەوڵەتییەکان .

٤- دڵنیابوونەوە لە کوالێتی خزمەتگوزارییەکان .

٥- جێبەجێکردنی خولی ڕاهێنان .

٦- پەسەندکردنی پلانەکانی پەروەردەی تاکەکەسی(IEPS) .

٧- پاراستنی منداڵ و پیادەکردنی سیاسەتی ئەخلاقی .

٩- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خولی سەنتەر و بەرزکردنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و ئیدارەسەربەخۆکان .

**دووەم: تـوێژەری دەروونـی:** ڕۆڵـی سـەرەکی هەیە لە هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی دەروونـی و ڕەفتـاری سوودمەندان، ئەرکەکانیشی بریتین لە :
١- کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بۆ هەرمنداڵێك بەجیا.
٢- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زیرەکی و دەستنیشانکردنی ئاستی سوودمەندان .
٣- داڕشتن و سەرپەرشتی کردنی پلانی گۆڕینی ڕەفتار .
٤- پێشکەش کردنی پاڵپشتی دەروونی بۆ ستاف و سوودمەندان و خێزانەکانیان .
٥- هەرتوێژەرێکی دەروونی چاودێری(١٥ بۆ ٢٠) سوودمەند دەکات بەئەگەری گۆڕانکـاری لەو ژمـارانە بەپێی جۆر و ئاست و توندی کەیسەکان .
٦- هاوکاری کردنی مامۆستاکان .
٧- چاودێری کردنی پێشهاتەکانی کەیسەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەفتانە .
**سێیەم: تـوێژەری کـۆمەڵایەتی:** پـردی پەیوەنـدی نێـوان سـەنتەر و خێـزان و کـۆمەڵگە و ئەرکەکـانی بریتین لە :
١- سەردانیکردنی خێزانەکان .
٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی کەیسی(دراسة الحالة).
٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی لەسەر بارودۆخی خێزان .
٤- چـاودێریکردنی پابەنـدبوونی خیزانەکـان بەپلانـی دانـراو بۆیـان بەمەبەسـتی گەڕانەوەی سوودمەندان بۆ ناوکۆمەڵگە .
٥- هەرتوێژەرێکی کۆمەڵایەتی چاودێری (٢٠ بۆ ٢٥) سوودمەند دەکات .
٦- جێبەجێ کردنی پلانی بەرنامەکانی هۆشیاری تایبەت بۆ خیزانەکان .
**چوارەم: مامۆستای پەروەردەی تایبەت:** ئەوکەسەیە ڕاسـتەوخۆ کـار لەسـەر فێرکـردن و پەرەپێـدانی تواناکانی سوودمەند دەکات و پێویستە دەرچووی یەکێك لە کۆلیژەکانی بنەڕەتی یـان هاوتاکـانی بێت یان دەرچووی یەکێك لە پەیمانگاکانی پەروەردەیی و فێرکاری بێت، ئەرکەکانی بریتین لە :
١- جێ بەجێکردنی بەرنامەکانی تاکەکەسی (LEP) .
٢- فێرکردنی لێهاتوویەکانی ڕۆژانە.
٣- لە پرۆسەی چارەسەرکاری تاك، هەر مامۆستایەك فێرکردنی یەك یان دوو منداڵ لەئەستۆ دەگرێت.
٤- مامۆسـتایانی پـۆل پـێکەوە کـاردەکەن و هاوکـاردەبن لە پرۆسـەی چارەسـەرکاری بەتـایبەت لەو برگانەی کە پێویستی بەکاری بەکۆمەڵ و پێکەوە کارکردنە لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەکە.
٥- تەرخانکردنی ماوەیەك لەکۆتایی دەوام بۆ دانانی پلانـی ڕۆژی دواتـر و ئامـادەکردنی هۆکارەکـانی فێرکردنی پێویست.
٦- تۆمارکردنی ڕۆژانەی ئەو زانیاریانەی دەیداتە سوودمەند و ناردنی بـۆ خێزانەکـان تـاکوو سـوودی لێ ببینن لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵەکەیان.

٧- تۆمـارکردنی پێشـکەوتنەکانی سـوودمەند و هەڵسـەنگاندنی ڕۆژانەی لەڕووی ئاسـتی فێربـوون و بەرەوپێشچوونی بەشێوەی نمرە.

٨- باشـترین سـتانداردی نێـودەوڵەتی ئەوەیە هەر (١-٢) سـوودمەندێك یەك مامۆسـتا هەبێـت بەپێـی توندی و سووکی کەیسەکان، ئەگەر کەیسەکان سووك بوون ئەوە ئەکرێـت ژمـارەی سـوودمەندان زیادبکرێت تاکوو چوار (٤) سوودمەند.

**پێنجەم: پسـپۆڕی ڕاهێنـان لەسـەر قسـەکردن:** کـار لەسـەر بەرەوپێشـچوونی توانـای قسـەکردن و پەیوەندی کردنی سوودمەندان دەکات و ئەرکەکانی بریتین لە :

١- هەڵسەنگاندنی تواناکانی پەیوەندی کردن.

٢- ڕاهێنان کردن بەمەبەستی شیاندنی تێکچوونی قسەکردن و زمانی سوودمەند.

٣- پەرەپێدانی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی سوودمەندان.

٤- ڕاهێنان کردن بە خێزانی سوودمەندان بەمەبەسـتی هاوکـاری و پشـتگیریکردن لە منداڵەکەیان لە پەیوەندی کردندا.

٥- گرنگە بۆ هەر (١٠) دە سوودمەند (١)یەك ڕاهێنەر هەبێت.

**شەشەم: چاودێر:** یارمەتیدەری ڕاهێنەر و سوودمەندانە لە کارە لاوەکەیەکاندا و پێویسـتە بەلانـی کەم دەرچووی پۆلی(٩)نۆی بنەڕەتی بێت، ئەرکەکانی بریتین لە :

١- چاودێریکردنی پاك و خاوێنی سوودمەندان .

٢- هاوکاری کردنی سوودمەندان لە بەکارهێنانی ئاودەست و دەستشۆر.

٣- یارمەتیدانی سوودمەندان لەکاتی نان خواردن.

٤- چاودێری کردن و پاراسـتنی سـوودمەند لەکـاتی جـوڵە و یـاری کـردن و لەکـاتی پشـوو وەرگرتنـی مامۆستا.

**حەفتەم: فەرمانبەری IT :** پێویستە (٢) دوو فەرمـانبەر لە سـەنتەر هەبـن کە پسـپۆڕبن لە بـواری IT و کۆمپیوتەر و ئەرکەکانیشیان بریتین لە :

١- تۆمارکردنی زانیارییەکانی ڕۆژانە کە لەسەر سوودمەندانی سەنتەر وەردەگیرێت.

٢- شـیکردنەوەی زانیارییەکـان و خسـتنەڕووی دەرەنجامەکـان و ئاگـادار کـردنەوەی بەڕێـوەبەر و مامۆستایان و توێژەران لە زانیارییەکان بەشێوەی هەفتانە .

٣- کردنەوەی دۆسیە لە کۆمپیـوتەر تـایبەت بە هەر سـوودمەندێك کەبـریتییە لە فـۆرمی وەرگـرتن و بڕیاری لیژنەی دەستنیشانکردن هاتوو لە ماددەی دەیەمی ئەم ڕێنمـاییە و ڕاپـۆرت و زانیارییەکـانی تایبەت بەسوودمەند کە لەلایەن توێژە و مامۆستایانەوە دەنووسرێت.

٤- ڕایی کردنی نووسراوە کارگێڕییەکان و ئەرشیف کردنیان.

**هەشتەم: دایەن:** پێویستە بۆ هەر (٥)پێنج سوودمەندیك (١)یەك دایەن هەبێت.

**نۆیەم: فەرمانبەری خزمەتگوزاری:** بەپێی پێویست بۆ پاك ڕاگرتنـی سـەنتەر (پـاککەرەوە، پاسـەوان ، باخەوان)

**دەیەم:** فەرمانبەری پرسگە.

**یازدەیەم:** سەبارەت بە ڕاهێنەری هونەری و مامۆستای وەرزش بەڕێوەبەر لەکاتی پێویست دابینی دەکات.

**دوازدەیەم: فەرمانبەری ژمێریاری:** بەڕێوەبەر بۆی هەیە فەرمانبەرێکی تر لە سەنتەر بەوکارە ڕاسپێرێت یان فەرمانبەرێکی تایبەتمەند دابمەزرێنێت لەو بوارەدا.

**ماددەی (١٦):** دەوامی سەنتەر :

١- دەوامی سالانە لە (٨/١)هەموو ساڵێکەوە دەست پێدەکات تاکوو (٦/٣٠)ی ساڵی دواتر و هەموو پشووە فەرمییەکانیش دەیگرێتەوە .

٢- بۆ ئەو ماوەیەی سەنتەر دەوامی تێدا ناکرێت، سەنتەر پرۆگرامی چالاکی هاوینە دەداتە خێزانەکان بۆ جێبەجێکردنی و بەدواداچوونیشی بۆ دەکات لەڕێگەی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی .

٣- دەوامی هەفتانەی سەنتەرەکان (٥) پێنج ڕۆژە لە هەفتەیەکدا .

٤- دەوامی ڕۆژانە (٦) شەش کاتژمێرە و لە کاتژمێر(٨)ی سەرلەبەیانی دەست پێدەکات تا کاتژمێر (٢) دووی پاش نیوەڕۆ .

٥- سەنتەرە ناحکومییەکان بۆیان هەیە دەوامی هەفتانە و ڕۆژانە زیادبکەن بەگویرەی ڕێککەوتن لەگەڵ دایك و باوکی منداڵەکان دوای ئاگادار کردنەوەی لیژنەی هاتوو لەماددەی (٦)شەشی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٧):** سەنتەر هەڵدەستێت بە:

**یەکەم:** کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ :

١- خێزانی منداڵەکان .

٢- خێزانی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە (٢) دوو ساڵ، و نیشانەی شەبەنگی ئۆتیزمیان تیادەرکەوتووە.

**دووەم:** بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ڕەوشی سوودمەندان.

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم :** لەکۆتایی دەوام، فۆرمی هەڵسەنگاندن ڕۆژانە لەلایەن مامۆستای تایبەت بە منداڵەکەوە پڕدەکرێتەوە و پێشکەشی بەشی زانیارییەکانی سەنتەر (IT) دەکرێت بۆ هەڵگرتنیان لە دۆسیەی تایبەتمەند لە کۆمپیوتەر و مانگانە جیاکردنەوە و شیکردنەوە بۆ دەرئەنجامەکان دەکرێت و دەدرێتە بەڕێوەبەری سەنتەر و مامۆستاکان و توێژەران، و لەکۆتایی هەموو ساڵێکدا دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەناو دۆسیەی تایبەت بە وەرگرتنی هەرقوتابییەك تۆمار دەکرێت لەگەڵ تۆماری هەڵسەنگاندنەکان کە بەدەستەواژەی( زۆرباشە ، باشە ، مام ناوەند) بەگوێرەی فۆرمێك کەلەلایەن لیژنەی باڵاوە ئامادەکراوە.

**دووەم:** پێویستە سەنتەرەکان (٣) سێ مانگ جارێك ڕاپۆرت بەرز بکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتی لە ئیدارەسەربەخۆکان لەوێشەوە بۆ لیژنەی باڵا.

**ماددەی (١٩):**

ئەگەر سوودمەند بەرەوپێشچوونی هەبوو لە ڕووی شیاندنەوە، دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی سەربە وەزارەتی پەروەردەی خاوەن پۆلی پەروەردەی تایبەت نزیك لە شوێنی نیشتەجێ بوونی .

**ماددەی (٢٠):** سەنتەر پێویستە پابەندبێت بەم خاڵانەی خوارەوە :

**یەکەم:** ئاگادارکردنەوەی کەس و کاری سوودمەندان لەکاتی نەخۆش بوون و زیان پێگەشتنیان .

**دووەم:** ئاگادار کردنەوە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییەگشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەسەربەخۆکان، لەکاتی گواستنەوەی شوێنی سەنتەر لە بینایەکەوە بۆ بینایەکی تر یاخود فراوان کردنی بیناکە.

**سێیەم:** وەرگرتنی ڕەزامەندنی لیژنەی باڵا لەکاتی گۆرانکاری و چاکردنی پەیڕەوی ناوخۆیی سەنتەر.

**چوارەم:** وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی باڵا لەکاتی گۆڕینی خاوەندارێتی سەنتەر لەکاتی فرۆشتنیدا .

**پێنجەم:** نابێت ڤیدیۆ و وێنەی سوودمەندان بڵاوبکاتەوە یان وەك ڕیکلام بەکار بهێنرێت.

**شەشەم:** نابیت سوودمەندانی سەروو (١٢) ساڵ تێکەڵی سوودمەندانی بچووك بکرێت، و پێویستە جودابن و کوڕان وکچان لێك جیابکرێنەوە.

**ماددەی (٢١):**

لەکاتی سەرپێچی کردنی سەنتەر لە یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت، وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیرەوە پێدەدرێت بۆی هەیە ئەم ڕێککارانە بگرێتەبەر:

**یەکەم:** ئاگادارکردنەوە .

**دووەم:** هۆشداری پێدان دوای (١٥) پازدە ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوە لە ئەگەری بەردەوامبوونی لەسەرپێچی.

**سێیەم:** لێ سەندنەوەی مۆڵەت و داخستنی سەنتەر ، دوای ئاراستەکردنی هۆشداری هاتوو لەبڕگەی پێشوو و پاش تێپەڕبوونی(١)یەك مانگ، ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچییەکان.

**ماددەی (٢٢):**

وەزیر بۆی هەیە (٢) دوو منداڵی ئۆتیزم ڕەوانەی سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لەکەرتی تایبەت بکات بەمەبەستی وەرگرتنیان بێ بەرامبەر بەمەرجێك کاریگەری نەبێت لەسەر نرخی وەرگرتنی سوودمەندانی تر .

**ماددەی (٢٣):**

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم و هەموارەکانی ناکرێت.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم ڕێنماییە دەچێتەبواری جێبەجێ کردن لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٥٨٢٠ لە ٢٠٢٦/٨/٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**ڕێنمایی تایبەت بە سەنتەرکانی منداڵی بلوری (IVF)**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

٣- **وەزیر:** وەزیری تەندروستی.

٤- **( IVF):** بریتیە لە چاندنی تۆوی هاوسەر لە ناو هێلکەی خێزانی لە ژێر ووردبینی تایبەت لە دەرەوەی لەش وە چاودێری کردنی گەشەی کۆرپەلە لە ناو دایەنگەی تایبەت لە تاقیگە تاکو گەرانەوەی بۆ ناو منداڵدانی دایکەکە و مەرج نیە بۆ نەزۆکی بێت هەندێ جار بۆ هەڵبژاردنی رەگەزە یان نە خۆشی بۆماوەیی دەبێت.

٥- **سەنتەری** (IVF) بریتییە لە تاقیگەی بلوریی ئەندلۆجی و تاقیگەی بەشی بەستن پێکدێت کە پرۆسەی پیتاندنی دەستکرد و چاندنی کۆرپەلەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

وەرگرتنی مۆڵەت بۆسەنتەر یان مۆڵەتی بەشی(IVF)وڕێگە پێدانەکانی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١- پێویستە لیژنەیەکی تایبەت لەناو وەزارەتی تەندروستی پێک بهێنرێت کە دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی هەبێت. ئەم لیژنەیە لە سەرۆکێك و سێ ئەندام پێکدێت بریتین لە:

آ- سەرۆك: سەرۆکی لێژنە کە پلەی لە بەرێوەبەری گشتی یان راوێژکار کەمتر نەبێت.

ب- پزیشکی پسپۆڕ ئافرەتان / ئەزموونی لە بواری بلورە منداڵ هەبێت / ئەندام.

ت- پزیشکێکی پسپۆڕ لە بواری پیتاندنی یارمەتیدەر و کۆرپەلەزانی خاوەن ئەزموون/ ئەندام.

ج- فەرمانبەری یاسایی/ ئەندام.

ح- سکرتێری لێژنە

٢- بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت پێویستە:

آ- ساڵانە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی ڕێکخستنەکان لە سەنتەرەکان و نەخۆشخانەکەن.

ب- پشکنین و هەڵسەنگاندنی سەرجەم مۆڵەتەکانی سەنتەرەکانی پیتاندنی دەرەکی و سەرچاوە مرۆییەکانیان بکرێت.

ت- بەردەوام چاودێری و سەرپەرشتی کردنی سەرجەم ناوەندەکانی پیتاندنی دەرەکی لە هەرێمی کوردستان.

٣- مۆڵەتی سەنتەر یان بەشی بلورە منداڵ (IVF) دەدرێت بەم پزیشکانەی خوارەوە:

آ- پزیشکی ئافرەتان، وەکو پزیشکی منداڵبوون/پزیشکی ئافرەتان کە پسپۆڕن لە بواری بلورە منداڵ یان پزیشکانی ڕژێنی ناوەکی لەش و نەزۆکی و هاوڵاتی عیراقی بێت و دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت هەڵگری بڕوانامەی باوەر پێکراو بێت لە بواری بلوری منداڵ.
ب- پزیشکی پسپۆڕی کۆرپەلە: پزیشکێکی مۆڵەتپێدراو کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرایە لە کۆرپەلەزانی و پیتاندنی یاریدەدەر بە ئەزموون و زانیاری تایبەتمەند لە تەکنەلۆژیای پیتاندنی یاریدەدەر کە لە (٥ ) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و هاوڵاتی عێراقی بێت و دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت.
ج- ئەندامی سەندیکای پزیشکان بێت و مۆلەتی سەنتەری تایبەت بە خۆی یان لە ناو نەخۆشخانە هەبێت.
ح- پێویستە هەر پزیشکێک کە کاری (IVF) ئەنجامدەدات مۆڵەتی هەبێت لە وەزارەتی تەندروستی و مۆلەتی سەنتەری هەبێت.
٤- مۆڵەتی کارکردن بۆ کەسانی بیانی: هەردوو پزیشکی ئافرەتان، وەکو (پزیشکی منداڵبوون/پزیشکی ئافرەتان کە پسپۆڕن لە بواری بلوری منداڵ) یان( پزیشکانی ڕژێنی ناوەکی لەش و نەزۆکی , پسپۆڕی کۆرپەلەزانی) کە پسپۆڕی زانستیان لە وڵاتانی ترەوە هەیە دەبێت داواکاری پێشکەش بکەن بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی کار، دواتر ناوی خۆیان تۆمار بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیە تەندروستیەکان و وەزارەتی تەندروستی و پێویستە بەڵێننامەی لێوەر بگیرێت لە لایەن خاوەن مۆڵەتەکە و مۆلەتی سەندیکای پزیشکانی هەبێت و سەرجەم ڕێکارەکانی هاتنی پزیشکی بیانی جێ بەجێ بکات هەر نوێکاریەک و پێشکەوتنێک هەبێت دەبێت پێشنیار بکرێت بۆ وەزیر بە مەبەستی پەسەندکردنی بابەتەکە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ کارکردنی پزیشکی بیانی لە هەرێمی کوردستان. وە پێویستە لە لایەن نەخۆشخانەیەک یان سەنتەرێک داواکاری پێشکەش بکەن.

**ماددەی (٣):**

خزمەتگوزارییەکانی سەنتەری تەکنەلۆژیایی یارمەتیدەر بۆ زاوزێ و کۆرپە زانی:

أ- ڕاوێژکاری نەزۆکی پیاو و ژن.
ب- شیکاری تۆواو شیکاری تایبەت .
ج- ئامادەکردنی تۆواو بۆ IUI و IVF/ICSI.
د- چارەسەر IVF/ICSI.
هـ- PGD بۆ هەڵبژاردنی ڕەگەز و نەخۆشی.
و- بەستنی هێلکەدان و کۆرپەلە و سپێرم.
ز- PRP بۆ هێلکەدان و ناوپۆشی منداڵدان- گونەکان.
ح- ڕاکێشانی سپێرم بە نەشتەرگەری.
ط- لادانی کیسی هێلکەدان.
د- مۆڵەتی لابرۆسکۆپ نەزۆکی.
ی- لەبار بردنی کۆرپەلە FETAL REDUCTION.

**ماددەی (٤):**

پێویستە سەنتەری بلورە منداڵ (IVF) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- دەکرێت سەنتەری بلورە منداڵ وەکو سەنتەرێك بێت بە تەنیا یان لە ناو نەخۆشخانەیەکدا وەکو بەشێکی تایبەتمەند .

٢- پێویستە ڕووبەرەکەی ٣٠٠-٤٠٠ م٢ بێت وا باشترە لە نهۆمی یەکەم بێت. ئەگەر هاتوو بە تەنیا بێت وەک سەنتەر.

٣- پێکهاتەکانی سەنتەری بلوری:

آ- بەشی جیاکراو تعقیم کراو.

١- تاقیگەی بلورە منداڵ(IVF) و ژووری بەستن (FREEZING).

٢- ژووری نەشتەرگەری و چاکبوونەوە ( OPERATION AND RECOVERY).

٣- تاقیگەی شیکاری تۆواو(ئەندرۆلۆجی).

٤- ژووری کۆکردنەوە.

٥- تاقیگەی (PGD) پشکنینی کرۆمۆسۆماتی کۆرپەی لە پێش چاندن پێویستە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا ئەنجام بدرێت دەکرێت لە هەمان سەنتەر یان سەنتەرێکی دیکە ئەنجام بەدرێت.

٦- ژووری ( IUI ) گواستنەوەی کۆرپەلە و تۆواو.

٧- ژووری پاقژ کردنەوە.

٨- ژووری گواستنەوە ی کۆرپەلە.

٩- ژووری خۆگۆڕینی ستاف و نەخۆش.

١٠- ژووری پەرستاری.

ب- بەشی جیانەکراو پاقژ نەکراو.

١- ژووری ڕاوێژکاری پزیشکی ئافرەتان.

٢-ژووری پزیشکی ڕاوێژکاری (پزیشکی کۆرپەلەزانی).

٣-دەرمانسازی.

٤-تاقیگەی پشکنینی خوین.

٥-پێشوازی.

٦-ژووری دەرزی لێدان.

٧-ژووری کۆگا.

٨-ژووری ژمێریار.

٩-ژووری بەڕێوەبەر.

**ماددەی (٥):**

پێویستە تاقیگەی تایبەت بە منالی بلوری بەم شێوەیی خوارەوە بێت:

١- تاقیگەی بلورە منداڵ (IVF) دەبێت بە ڕێکی کارەکانی ئەنجام بدات بۆ کەمکردنەوەی هەر کاریگەرییەکی زیانبەخش لەسەر کۆرپەڵە، و دڵنیابوون لە پراکتیزەکردنی باشی تاقیگەیی.

٢- تاقیگە دەبێت لە تەنیشت ژووری نەشتەرگەری بێت کە ڕێکارە کلینیکیەکان تێیدا ئەنجام دەدرێن.

٣- لە کاتی دامەزراندنی تاقیگەی منالّی بلوری (IVF) ، پێویستە دوایین گەشەسەندنەکانی دامەزراوە و ئامێری پێشکەوتوو بەکار بهێنرێت و گشت ئامێرەکان لە رێگەی بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان رێگە پێدراو بێت و رێکارەکان لەبەرچاو بگیرێت.

٤- پێویستە ڕووبەری لە ٣٠٠-٤٠٠ م٢ کەمتر نەبێت.

٥- هیچ پەنجەرەیەکی نەبێت.

٦- ئەو کەرەستانەی کە لە بۆ دروستکردنی تاقیگە و بۆیاخکردن دژە بەکتریا ڤیسێڵ یان ئیپۆکسی و زەوی و مۆبیلیاتدا بەکاردەهێنرێن پێویستە گونجاو بن بۆ ژووری تەعقیم، کەمکردنەوەی پێکهاتە ئۆرگانییە ناجێگیرەکان (VOC) و ژەهراویبوونی کۆرپەلە.

٧- دیزاینی تاقیگە دەبێت دڵنیایی بدات لە ڕەوتی کارکردنی گونجاو لە کەمترین مەودا لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خانەکانی پیتاندن لە هەموو قۆناغەکانی چارەسەرکردندا.

٨- پێویستە چوونە ژوورەوە بۆ تاقیگە سنووردار بێت تەنها بۆ کارمەندانی ڕێگەپێدراو.

٩-سیستەمێك بۆ گەیشتنی پاکی کارمەندان و کەرەستەکان بۆ تاقیگە بە توندی پێشنیار دەکرێت.

١٠- ژووری گۆڕینی جل و بەرگ دەبێت جیا بێت لە تاقیگە.

١١- پێویستە شوێنی دەستشۆردن لە دەرەوەی تاقیگە دابنرێت.

١٢- دەبێت شوێنی ئۆفیسێکی جیاکراوە بۆ کاری کارگێڕی لە دەرەوەی تاقیگە بەردەست بێت.

١٣- شوێنی پاككردنەوە و تەعقیمکردنی کەرەستەکان، ئەگەر هەبوو، پێویستە جیا بێت لە تاقیگە.

١٤- باشکردنی بارودۆخی ژینگەیی، هەوای تاقیگە پێویستە بخرێتە ژێر فلتەری هەوای گەردیلەیی کارایی بەرز(HEPA) و کۆنترۆڵکردنی پێکهاتە ئۆرگانیە دەرپەڕیوەکان (المتناثرة)،

١٥- سیستەمی هەوا بۆ تاقیگەکانی IVF/ICSI/و تاقیگەی تۆواو دەبێت فلتەری HEPA لە خۆ بگرێت، شێی کۆنترۆڵکراو (٢٠٪) و پلەی گەرمی کۆنترۆڵکراو (٢٢-٢٤ پلەی سەدی) بێت.

١٦- ژووری تایبەت بە بەستنی کۆرپەڵە یان بەشێک جیادەکرێتەوە بۆ بەستنی کۆرپەلە لە ناو تاقیگەی بلورە منداڵ(IVF) .

**ماددەی (٦):**

ئامێری تاقیگەی بلورە منداڵ (IVF) پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕی (١-٥٠ دۆسیە/مانگ) |
|---|---|---|
| ١ | co2 incubator | ١ |
| ٢ | Incubator: tri-gas, multi room, benchtop | ١ |
| ٣ | یەکەی پاککردنەوەی هەوا | ١ |
| ٤ | مێزی دژە لەرزین: IVF | ١ |
| ٥ | کابینە: سەلامەتی بایۆلۆجی، پۆلی دووەم، (IVF) | ١ |
| ٦ | سیستەمی لەیزەر: (IVF) | ١ |
| ٧ | مایکرۆمانیپولاتۆر: (IVF) | ١ |
| ٨ | مایکرۆسکۆپ: پێچەوانەکراو، لەگەڵ کامێراINVERTED | ١ |
| ٩ | مایکرۆسکۆپ: ستێریۆ | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | پێوەرەی PH | ١ |
| ١١ | ساردکەرەوە: تاقیگە | ١ |
| ١٢ | شیکارکەر: CO2 | ١ |
| ١٣ | پێویستە بوتڵی غاز لە دەرەوەی تاقیگە دابنرێت. پێویستە سیستەمی گۆڕینی ئۆتۆماتیکی هەبێت و بوتڵی پێویست هەبێت بۆ گۆڕینی دەستبەجێ. فلتەری زۆر پاکی غازی و HEPA و VOCی بە توندی پێشنیار دەکرێن. | |
| ١٤ | تانکی دابینکردن: نایترۆجینی شل LN2 | ١ |
| ١٥ | تانکی هەڵگرتن: نایترۆجینی شل LN2 | ٢ |
| ١٦ | ئامێرەکانیی سەلامەتی بەستن. چاویلکە، دەستکێش ...هتد | ١ |

**ماددەی (٧):**

١- پرۆسە تاقیگەی منداڵی بلوری بەم شێوەی خوارەوە دەبێت.

أ- کۆکردنەوەی هێلکە.

ب- پاککردنەوە هێلکە.

ج- ICSI پیتاندن لە ژێر مایکرۆسکۆب.

د- بەستن.

و- وەرگرتنی نموونەی کۆرپەلە.

٢- پرۆسەی نەشتەرگەری: دیزاین و پێکهاتە و ئامێر و گشت کەلوپەلی ژووری نەشتەرگەری و ژووری چاکبوونەوە دەبێت بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی بێت و بەم ڕێکارانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

أ- کۆکرنەوەی هێلکەکان.

ب- گواستنەوەی کۆرپەلە.

ج- ڕاکێشانی سپێرم بە نەشتەرگەری.

د- PRP هێلکەدان رحم و گونەکان.

ە- لادانی کیسی هێلکەدان بە مەرجێک پرۆسەی (IVF) پێویست بکات.

**ماددەی (٨):**

١- تاقیگەی شیکاری تۆواو(ئەندرۆلۆجی) دیزاین و پێکهاتە تاقیگەی شیکاری تۆواو(ئەندرۆلۆجی):

آ-باشتر وایە کە لە تەنیشت تاقیگەی بلورە منداڵ (IVF/ICSI) بێت و لە نزیک ژووری کۆکردنەوە بێت. پێویستە چوونە ژوورەوە بۆ تاقیگە سنووردار بێت. ڕووبەر =٨ م٢

ب- پێکهاتەکەنی تاقیگەی شیکاری تۆواو(ئەندرۆلۆجی)پێویستە ئەم ئامێرنەی خورەوە لەخۆ بگرێت

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | مایکرۆسکۆپی PHASE CONTRAST | ١ |
| ٢ | سەنتەرفیوج | ١ |
| ٣ | بەفرگر | ١ |
| ٤ | Non-Co2 incubator | ١ |
| ٥ | کابینەی سەلامەتی | ١ |
| ٦ | یەکەی پاککردنەوەی هەوا | ١ |

ج- ئامێرەکان دەبێت لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروست کردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی ڕێگە پێدراو بێت.

٢- تاقیگەی شیکاری تۆواو (ئەندرۆلۆجی) هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە و شیکاری کردن ئامادەکردن و هەڵگرتنی نمونەی سپێرم ئەنجام دەدات. ڕێکارەکانی دەستنیشانکردن بریتین لە:

أ- شیکاری سپێرم بۆ دیاریکردنی ژمارەی سپێرم، جووڵە، توانای ژیانکردن و مۆرفۆلۆجی.

ب- ئامادەکردنی سپێرم بۆ پیتاندنی ناو منداڵدان(IUI) .

ج - بەستنی سپێرم و توانەوەی نمونە بەستووەکان.

د- پشکنینی تایبەتی سپێرم.

**ماددەی (٩):**

١- ژووری کۆکردنەوە تۆواو: ژووری کۆکردنەوە تۆواو دەبێت ژوورێکی داخراو بێت بۆ کۆکردنەوەی نمونەی سپێرم لە نەخۆشەکان. ژوورەکانی کۆکردنەوە پەیوەندییەکی کارایی نزیکیان لەگەڵ تاقیگەی شیکاری تۆواو هەیە؛ گەیاندنی خێرای نمونەکان پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوونی خانەکان. ژوورەکانی کۆکردنەوە پێویستە بە شاور /تەوالێت لە شوێنەکەدا هەبێت.

٢- تاقیگەی PGD پشکنینی کرۆمۆسۆمات کۆرپەلە پێش چاندن، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، سەنتەرەکان دەتوانن تاقیگەی PGD ی تایبەت بە خۆیان هەبێت یان نمونە بنێرن بۆ سەنتەری پشکنینی بۆماوەیی.

**ماددەی (١٠):**

١- دیزاین و پێکهاتەی ژووری IUI گواستنەوەی کۆرپەلە و تۆواو:

آ-ژووری IUI دەبێت لە نزیک تاقیگەی تاقیگەی شیکاری تۆواو بێت بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوونی نموونە وکەمترین ڕووبەر ٣*٣=٩م٢

ب- کەرەستە:

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | جێگەی نوستن بۆ نەخۆشی ئافرەتان | ١ |
| ٣ | عارەبانە (Trolly) بە کەرەستەکانیەوە | ١ |
| ٤ | ڕووناکی | ١ |
| ٥ | گواستنەوەی کۆرپەلە | ١ |

٢- دیزاین و پێکهاتەی ژووری (تەعقیم) پاکژ کردن:

آ- ژووری پاکژاوەکان (تەعقیم کردن) شوێنێکە کە ئامێرە پاکراوەکان و وشککراوەکان تێیدا هەڵدەگیرێن، بە کۆمەڵ (سێت) کۆدەکرێنەوە، دەپێچرێنەوە و پاشان لە ئۆتۆکلاڤدا تەعقیم دەکرێن. ژووری پاکژاوەکان (تەعقیمکردن) لە تەنیشت ژووری پاکردنەوە دەبێت کە کەرەستەکانی تێدا پاك دەکرێنەوە.

ب- ئەگەر سەنتەری سەربەخۆ بوو پێویستە ژووری تەعقیمکردنی پاکژاوکردنی تایبەتی خۆی هەبێت لانی کەم ڕووبەری ٣*٤=١٢م٢ ئەگەر بەشێک بێت لە ناو نەخۆشخانەدا ئەوا دەتوانێت بەشی تەعقیمکردنی نەخۆشخانەکە بەکاربهێنێت و سەر بەخۆ تعقیم بۆ بکرێت.

ج- کەرەستە:

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | ئۆتۆکلاف autoclave | ١ |
| ٢ | فڕنOVEN | ١ |
| ٣ | حەوز (سینك) | ١ |

٣- دیزاین و پێکهاتەکانی ژووری کۆرپەلە گواستنەوە:

آ- ئەو شتێکی ئارەزوو مەندانەیە کە ژووری گواستنەوە هەبێت ئەگەر سەنتەرەکە باری زۆر لەسەر نەبێت دەتوانێت گواستنەوە لە ژووری وەرگرتن/هەڵگرتن هێلکە ئەنجام بدات. ڕووبەرەکەی دەبێت کەمترین ٣*٤=١٢م٢ بێت دەبێت لە نزیک تاقیگەی (IVF) بێت بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوونی کۆرپەلە.

ب-گواستنەوەی کۆرپەلە لە ژێر ڕێنمایی سۆنەر دەبێت.

ج- کەرەستە:

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | جێگەی نوستن بۆ نەخۆش ئافرەتان | ١ |
| ٢ | سۆنەر | ٢ |
| ٣ | عارەبانە (Trolly) بە کەرەستەکانیەوە | ٣ |

**ماددەی (١١):**

١-دیزاین و پێکهاتەی ژووری نەخۆش:

آ- پێویستە شوێنێکی خۆ گۆڕینی دیاریکراو هەبێت بۆ هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو، کە دەکەوێتە نێوان گواستنەوە لە بەشی جیانەکراوە بۆ بەشی جیاکراوەی سەنتەرەکە وباشترە ئاودەست لە ناوەوە هەبێت. بەپێی توانای سەنتەرەکە، دەتوانن ژووری گۆڕینی تاکە کەسی بۆ ستاف و نەخۆشەکان دەبمەزرێنن یان بە هاوبەشی بەکاربهێنن. کەمترین ڕووبەر ٢*٣=٦م٢. گۆڕینی جل و بەرگی ستاف و نەخۆش

ب- کەرەستە:

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | دۆلاب (لۆکەر) | ١٠-٢٠ |

٢- دیزاین و پێکهاتەی ژووری پەرستاری:-

آ- دیزاین و پێکهاتە: ئەمە دەتوانرێت ژوورێکی جیاکراوە بێت، یان بەشێك بێت لە ژووری چاکبوونەوە.

ب- کەرەستە:

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | دۆلاب (لۆکەر) دژە ژەنگی پزیشکی | ١ |
| ٢ | هەموو کەرەستەکانی فریاگوزاری سەرەتایی | ١ |

ج- هەموو ڕێکارەکانی پەرستاری و فریاگوزاری سەرەتایی پێویست بۆ نەخۆشی( IVF).

**ماددەی (١٢):** ژووره جیانەکراوەکان:

١-دیـزاین و پێکهاتەکـانی ژووری پزیشـکی ئافرەتـان و منـاڵی بلـوری: ئەم ژووره دوو بەشـه ژووری چاوپێکەوتن و ژووری سۆنەر لەخۆدەگرێت، پێویسته ئاودەستی تێدابێت، کەمترین ڕووبەر دەبێت ١٤م٢ بێت

٢- کەرەستە:

| ژمارە | کەرەستەکان | بڕ |
|---|---|---|
| ١ | جێگەی نوستنی ئافرەتان بۆ پشکنین | ١ |
| ٢ | سەرچاوەی ڕووناکی | ١ |
| ٣ | ئامێری سۆنەر | ١ |
| ٤ | عارەبانە (Trolly) و کەرەستەی پزیشکی | ١ |

٣- پزیشکی پسپۆری سۆنەر : ئەوکاتەی منداڵەکە بوو بە (١٢) هەفتە سۆنەرێکی تێـر و تەسـەل دەوی لێرەوە دەبێت کەسێکی پسپۆر لە سۆنەرەکە یان زانستی پزیشکی کۆرپەلە بێـت نابێـت پسـپۆری ئافرەتان بیکات لێرەدا پزیشکی پسپۆری سۆنەر چاودێری کۆرپەلە دەکات لە نێوان (١٢ ) دوانزە هەفتە بۆ (٢٢) بیست و دوو هەفتە پزیشکی پسپۆری سۆنەر سۆنەرێکی تێر و تەسەل بۆ بکات بە هیچ شێوەیەک نا بێت پارەی زیادەی ئەم سۆنەرە لێوەر بگیرێت.

٤- ژووری ڕاوێژکاری پزیشکی کۆرپەلە زانی (IVF)

٥- دەرمانخانە: هەموو دەرزی (گۆنادۆترۆپینەکان) دەبێت لەلایەن سەنتەر یان (بەشی بلوره منداڵ) (IVF) دابین بکرێت کە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروست کردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی رێـگە پێـدراو بێـت (تەنـانەت ئەگەر لەنـاو نەخۆشـخانەش بێـت) و لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ- سەلامەتی.

ب-پاشەکەوتکردنی کات.

ج- کۆنترۆڵکردنی نرخ.

د- هەڵگرتن.

٦- تاقیگەی پشکنینی خوێن: پێویستە مۆڵەت پێدراوبێت و سەنتەرەکان یان بەشی (IVF) دەتوانن تاقیگەی هۆرمۆن یان تاقیگەی لاوەکی تایبەت بە خۆیـان هەبێـت لە نـاوەوە بـۆ بەدواداچـوون بـۆ نەخۆشەکانیان و مۆڵەتی تایبەتی بە ناوی تاقیگە وەر بگیرێت .

**ماددەی (١٣):**

ئاماژەکان بۆ دەستنیشانکردنی بۆماوەیی پێش چاندن (PGD) لە (IVF):

١- نەخۆشی بۆماوەیی: ئەو هاوسەرانەی مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی بۆماوەییان لەسەرە.

٢- نائاسـایی کرۆمۆسـۆم: ئەو کەسـانەی کە گواسـتنەوەی کرۆمۆسـۆم یـان شـتی تـری نائاسـایی کرۆمۆسۆمیان هەیە لە دوای (٤٠) چل ساڵ.

٣- لەدەســتدانی دووگیــانی دووبــارەبووەوە: ئەو هاوســەرانەی پێشــینەی دووبــارەبوونەوەی لەبارچوونیان هەیە کە ئەگەری هەیە بەهۆی هۆکاری بۆماوەییەوە بێت.

٤- مەترسیەکانی پەیوەست بە تەمەنەوە: بۆ خانمانی تەمەن هەڵکشاو بۆ دایکایەتی، بۆ پشکنینی نائاسایی کرۆمۆسۆم.
٥- هاوسەنگی خێزان: ئەو هاوسەرانەی بەدوای هەڵبژاردنی ڕەگەزدا دەگەڕێن بۆ هاوسەنگی خێزان، کە یاسایی و ئەخلاقی بێت.
٦- منداڵی پێشووی تووشبوو: ئەو هاوسەرانەی کە منداڵی پێشوویان تووشی نەخۆشییەکی بۆماوەیی بووە.
٧- نەزۆکی ڕوون نەکراوە: ئەو هاوسەرانەی کە نەزۆکییان ڕوون نەکراوەتەوە کە لەوانەیە گومانی هۆکاری بۆماوەیی لێ بکرێت.

**ماددەی (١٤):**

هەموو ئەو خێزانانەی کە داوای هەڵبژاردنی ڕەگەزی دەکەن، پێویستە ڕەزامەندی لە لیژنەیەکی تایبەتمەند وەربگرن کە لە چوارچێوەی وەزارەتی تەندروستی لە هەر شارێکدا دامەزراوە:
١- ئەو خێزانانەی کە سێ منداڵ یان زیاتریان لە یەك ڕەگەزدا هەیە.
٢- ئەو خێزانانەی کە مامەڵە لەگەڵ تێکچوونی بۆماوەیی پەیوەست بە X دەکەن.
٣- ئەو خێزانانەی کە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە کە پەیوەندییان بە زۆری دووگیانیەوە هەیە.
٤- ئەو خێزانانەی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە کە پەیوەندییان بە ڕەچاوکردنی کولتووری یان ئایینیەوە هەیە دەبێت لەلایەن دادگاوە داوا بکرێت.
٥- لە کاتی داخستنی ( سەنتەر یان مۆڵەتی بەشیIVF ) دەبێت (٦) مانگ پێش داخستنی وەزارەتی تەندروستی بە نووسراوێک ئاگادار بکاتەوە و هەموو ئەوانەی کەوا هێلکە یاخود تۆواویان داناوە ئاگاداریان بکاتەوە و لەم ماوەیەدا نابێت کەیسی نوێ وەربگرێت و پێویستە چارەسەری ئەو کەیسانە بکات کە پێش داخستنی وەرگیراوە بە پێچەوانەوە ئەوا سەنتەرکانی منداڵی بلوری (IVF) دادخرێ بە سەرجەم لقەکانیانەوە و پێبژاردنی بۆ دەکرێت بە بری (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار عێراقی.

**ماددەی (١٥):**

١- بەستن لە سەنتەری و بەشی (Freeze) (IVF):
هەموو بەشەکان یان سەنتەرەکانی (IVF) پێویستە خزمەتگوزاری بەستنیان هەبێت بە بەکارهێنانی ڤیترفیکاسیۆن.
٢- ئامانجەکانی بەستن لە سەنتەرەکانی (IVF):-
آ-کۆرپەی زیادە: بەستنی کۆرپەی زیادە لە سوڕی (IVF) بۆ بەکارهێنانی داهاتوو.
ب-چارەسەری پزیشکی: پاراستنی توانای منداڵبوون بۆ ئەو نەخۆشانەی چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێت، وەک چارەسەری کیمیایی، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر تەندروستی پیتاندن هەبێت.
ت-پشکنینی بۆماوەیی: هەڵگرتنی کۆرپەلە لەکاتی چاوەڕوانی ئەنجامی پشکنینی بۆماوەیی (PGD/PGS).
ج-Ovarian Hyper stimulation Syndrome (OHSS): ڕێگریکردن لە ئاڵۆزییەکان بە بەستنی هەموو کۆرپەلەکان کاتێك مەترسی تووشبوون بە OHSS هەیە.

٣- دانانی خشتەی گونجاو: ڕێگەدان بە گواستنەوەی کۆرپەلە بۆ بەروارێکی دواتر کە گونجاوترە بۆ نەخۆشەکە.
٤- پاراستنی توانای منداڵبوون: پاراستنی توانای منداڵبوون بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادە نین بۆ دووگیانبوون بەڵام ئارەزووی هێشتنەوەی بژاردەی دووگیانی بۆ داهاتوو دەکەن.
٥- قەدەغە کردنی تۆواو یان هێلکە بەستوو ئەگەر هاتوو هەر یەک لە پیاوەکە یان ئافرەتەکە یان هەردوکیان کۆچی دواییانکردوە چونکە بە مردنی یەکێک یان هەردوکیان پرۆسەی هاوسەر گیری نامێنیت.
٦- دیراسەکردنی جینات بکرێت.

**ماددەی (١٦):**

بەستنی (هێلکە)( سپێرم): هەڵگرتنی هێلکە یان سپێرم بۆ بەکارهێنانی داهاتوو، بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی چارەسەری پزیشکی نزيك یان بە هۆکاری کەسی بەم شێوەیەی خوارەوە:-
آ- بۆ ماوی ساڵیک دابنێت و ساڵانە دەبێت نوی بکاتەوە.
ب- ئەگەر هاتوو ساڵیکی بەسەر تێپەری نوێی نەکردەوە سەنترەکە بۆی هەیە لەناوی ببات بکات.
ج- بۆ لەناوبردنی کردن دەبێت لێژنەیەک لە بەرێوە بەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکان پێک دێت.
د- هەموو ئەو کارانەی لە سەنتەری منالی بلوری ئەنجام دەدرێت پێویستە بە شێوەی (package) پاکێچ بێت و نرخی لە (٣,٥٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن و پێنچ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت و پێویستە گشت سەنتەرەکان مۆڵەت پێدراو پابەندبن.

**ماددەی (١٧):** ڕەزامەندی ئاگادارکراوی (IVF): هەموو فۆرمەکانی ڕەزامەندی ئاگادارکراو لە هاوپێچدا دەخرێنە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:
١-ڕەزامەندی ئاگادارکراوی (IVF).
٢-ڕەزامەندی ئاگادارکراوی IUI.
٣-ڕەزامەندی ئاگادارکراوی بەستن.
٤-ڕەزامەندی ئاگادارکراوی گواستنەوەی کۆرپەی بەستوو (FET).

**ماددەی (١٨):** سەرپێچی و سزاکان:
١- لە کاتی سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە سەرپێچیکار بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی سزا دەدرێت بە پێبژاردن بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار عێراقی وە بەڵێن نامەی لێوەردەگیرێت.
٢- لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە لە ڕووی هونەریەوە ئەوا لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێک دەهێنرێت مۆڵەتی لێ وەردەگیرێتەوە. تاوەکو یەکلایی بونەوەی لێکۆڵینەوەکە.

**ماددەی (١٩):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە هاودژ بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢٠):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٥٨٠٥ لە ٢٠٢٦/٨/٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**ڕێنمایی تایبەت بە کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی ڕۆن و چەوری خۆراکی بەکارهاتوو**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد: -

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێم .

٣- **وەزیر:** وەزیری تەندروستی .

٤- **کۆمپانیا:** هەر کۆمپانیا کە بە پێی یاسا دامەزراوە و مۆڵەتی بەشداریکردنی لە چالاکیی کۆکردنەوەی زەیت و چەوری بەکارهێنراودا هەبێت.

٥- **ڕۆن و چەوری خۆراکی بەکارهاتوو:** زەیتی ڕووەکی یان چەوری ئاژەڵی کە لە ئەنجامی چێشتلێنان، سوورکردنەوە، یان پرۆسێسکردنی خۆراک دوای بەکارهێنان دروست دەبێت.

٦- **کۆکردنەوە:** وەرگرتن و گواستنەوەی ڕۆنی بەکارهاتوو لە سەرچاوەکانیانەوە بۆ شوێنی هەڵگرتن یان پرۆسێس کردن.

٧- **سەرچاوە(مصدر):** چێشتخانە، هۆتێل، کافتریا، عەرەبانە، کۆشک، کارگەی پرۆسێسکردنی خۆراک وە هەر دامەزراوەیەک کە زەیتی بەکار هاتوو بەرهەم دەهێنێت.

٨- **لایەنی پەیوەندیدار:** وەزارەت، دەستە یان بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان**

١- پاریزگاری لە تەندروستی گشتی بە ڕێگری کردن لە دووبارە بەکارهێنانەوەیان لە پرۆسە خۆراکیەکان. وە بەکارنەهێنانی لە ئالیکی ئاژەڵی.

٢- ڕێکخستنی پرۆسەی کۆکردنەوەو گواستنەوەو کۆگاکردن و دووبارە هەناردەکردنی ڕۆن و چەوری خۆراکی بەکارهاتوو .

٣-پاراستنی ژینگە بە ڕێگری کردن لە پیسبوونی خاک و ئاو تۆڕی ئاوەڕۆ بە لە ڕێگەی ئەم پاشماوە خۆراکیە.

٤- پشتگیری کردن دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشماوە خۆراکیەکان لە پیشەسازی بەشێوەیەکی زانستی.

**ماددەی (٣): بواری جێبەجێکردن:**

ئەم ڕێنمایە بەسەر گشت ئەو کۆمپانیایانەی لە بوارەکانی کۆکردن و گواستنەوە و هەڵگرتنی زەیت و چەوری بەکارهاتوو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی (٤): مەرجەکانی مۆڵەت بۆ وەرگرتنی مۆڵەت پێویستە:**

١- کۆمپانیا بە فەرمی تۆمار بکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان وە بواری کارکردنی پەیوەست بێت بەم کارە.

٢- کۆمپانیا بواری کارکردنی نابێت بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی خۆراکەوە هەبێت.

٣- وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەریەکەو بەپێی تایبەتمەندی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

ب- وەزارەتی تەندروستی.

ت- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

ث- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

ج- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش.

٤- بوونی شوێنی هەڵگرتنی گونجاو و پەسەندکراو.

٥- بوونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گواستنەوەی ڕۆنی بەکار هاتوو.

٦- پلانی سەلامەتی و ژینگەیی پێشکەش بکات.

٧- دیاریکردنی بەرپرسی فنی یان ژینگەیی بەرپرس لەسەر ئەم چالاکیە.

**ماددەی (٥): پابەندییەکانی کۆمپانیا:**

١- کۆکردنەوەی زەیت و چەوری بەکارهاتوو بە شێوەیەکی سەلامەت و تەندروست.

٢- ڕێگریکردن لە فڕێدانی زەیت لە خاک و ئاو و ئاوەڕۆکان.

٣- بەکارهێنانی کۆنتێنەری داخراوو دژە دزەپێکراوەکان.

٤- تێکەڵنەکردنی لەگەڵ ماددەی کیمیایی یان پاشماوەی مەترسیدار.

٥- فرۆشتن یان ڕادەستکردن تەنها بۆ دامەزراوەی مۆڵەتپێدراو.

٦- هەناردەکردن بە پێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

**ماددەی (٦): هەڵگرەکان :**

١- هەڵگرەکان دژە داخوران و لێچوون بن.

٢- ناوی کۆمپانیا و ژمارەی مۆڵەت لەسەر هەڵگرەکان و دەفرەکانی کۆکردنەوەو ئامێرەکانی گواستنەوەی ڕۆنی بەکارهاتوو نووسرابێت.

٣- دەبێت هەڵگرەکان ڕێگرکەر بن لە ڕژان و بڵاو بوونەوەی بۆن.

٤- گشت ئامێرەکانی کۆکردنەوە بە شێوەیەکی وەرزی پلان بۆدانراو پاک بکرێنەوە.

**ماددەی (٧): گواستنەوە:**

١- ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دیاری بکرێت.

٢-گواستنەوە بە ئۆتۆمبێلی کراوە قەدەغەیە.

٣- بەستنەوەی دەفری کۆکردنەوە بەشێوەیەکی گونجاو لەکاتی گواستنەوە.

٤- دابینکردنی ماددەی هەڵمژ (مواد امتصاص)بۆ چارەسەری ڕژان.

٥- پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی سەلامەتی لە کاتی بارکردن و دابەزاندن.

**ماددەی (٨): کۆگاکردن:**

١- زەوی شلەمەنی نەمژێت.

٢- بوونی حەوزی گونجاو بۆ کۆکردنەوە لەکاتی ڕژان و خاوێن کردنەوە.

٣- بوونی هەواگۆڕکێی گونجاو.

٤- هەلگرتن دووربێت لە سەرچاوەی ئاگر.
٥- بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
٦- بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی.

**ماددەی (٩): تۆمار و بەڵگەنامەکان:**

کۆمپانیاکان پێویستە ئەم تۆمارانەی خوارەوە بپارێزن:
١- بڕی زەیتی کۆکراوە .
٢- ناوی سەرچاوەکان.
٣- بەرواری گواستنەوە .
٤- شوێنی رادەستکردن.
٥- گرێبەست و پسوڵەکان.
٦-پێویستە ڕاپۆرتی وەرزی پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکرێت.

**ماددەی (١٠): تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی: کۆمپانیاکان پابەندەبن بەمانەی خوارەوە:**

١- پێدانی کەرەستەی پاراستنی تاکەکەسی.
٢- ڕاهێنان پێکردنی کارمەندان لەسەر ڕێکارەکانی سەلامەتی.
٣- ئامادەکردنی پلانی فریاگوزاری بۆ ڕووداوەکان و ڕژان.
٤- دابینکردنی ئاگرکوژێنەوە بە بڕو جۆری گونجاو.
٥- پلانی فریاکەوتن لە کاتی ئاگرکەوتنەوە و یان ڕژان.

**ماددەی (١١): چاودێری و پشکنین:**

دەسەڵاتی پەیوەندیدار مافی ئەوەی هەیە پشکنینی وەرزی یان لەناکاوی شوێنەکان و کۆگاکان و ئۆتۆمبێل و تۆمارەکان و گشت پرۆسەکە ئەنجام بدات و لە ئەگەری سەرپێچیکردندا ڕێکاری یاسایی بگرێتەبەر.

**ماددەی (١٢): سزاکان:**

بەپێی جۆری سەرپێچیەکان ئەم سزایانەی خوارەوە دەسەپێنرێت.
١- ئاگادارکردنەوە(بە نووسراوی فەرمی).
٢- سزای پێبژاردن.
٣- ڕاگرتنی چالاکی بۆ ماوەیەکی کاتی.
٤- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.
٥- رەوانە کردنی بۆ دادگای تایبەت مەند لە کاتی زیانگەیاندن بە ژینگە یان تەندروستی گشتی.

**ماددەی (١٣):**

١- ئەو کۆمپانیایانەی ئێستا لەکاردان ماوەی سێ (٣) مانگیان پێدەدرێت بۆ گونجاندنی دۆخیان لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنماییە.
٢- لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن فۆڕمی تەواوکەر دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٤)**

ئەم ڕێنماییە لە **ڕۆژی** بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٥٨١٤ لە ٢٠٢٦/٨/٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**ڕێنمایی دەرمانی تایبەت بە چارەسەرکردنی قەڵەوی**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێم .

٣- **وەزیر:** وەزیری تەندروستی .

٤- دەرمانی چارەسەری قەڵەوی هەردەرمانێک دروست کرابێت بۆ گۆڕینی باڵانسی ووزەی لەشی مرۆڤ بەمەبەستی کێش دابەزاندن یان ڕێگری گرتن لە دووبارە قەڵەبوون و یان پارێزگاری لە کۆنترۆڵ کردنی کێشی لەش بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بە هەموو شێوەکانی (حەب ،کەپسول،دەرزی ژێر پێست، بەمەرجێک ئەو دەرمانانە ڕێگەپێدانی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان یان بە هەر شێوەیەکی تر کە لە ئایندەدا بێتە ئاراوە.

**ماددەی (٢):**

دەرمانی تایبەت بە چارەسەری نەخۆشیەکانی قەڵەوی دەبێت تەنها لە لایەن پزیشکی پسپۆر بنوسرێت لەم پسپۆریانەی خوارەوە:

١- پزیشکی پسپۆری خۆراک.

٢- پزیشکی پسپۆری وورد لە نەخۆشیەکانی شەکرەو کوێرە گلاندەکان.

٣- پزیشکی پسپۆری وورد لە نەخۆشیەکانی دڵ.

٤- پزیشکی پسپۆری وورد لە نەخۆشیەکانی گورچیلە.

٥- پزیشکی پسپۆری وورد لە نەخۆشیەکانی هەناو.

٦- پزیشکی پسپۆری وورد لە نەشتەرگەری قەڵەوی.

٧- پزیشکی پسپۆری پزیشکی خێزانی.

٨- پزیشکی پسپۆری وورد لە نەخۆشیەکانی هەرس و جگەر.

**ماددەی (٣):**

پێویستە نەخۆش سەرەتا (٣) سێ مانگ جارێک سەردانی پزیشکی پسپۆر بکات بە مەبەستی بەدواداچوون و پاشان هەر شەش مانگ جارێک سەردانی بکات.

**ماددەی (٤):**

پزیشکی دەرمانساز نابێت بە بێ ڕاچێتەی پزیشکی پسپۆر دەرمان بدات بە نەخۆش وە لەکاتی پێدانی دەرمان پێویستە ڕاچێتەکە لە نەخۆش وەربگرێت و هاوپێچ بکرێت بە دەفتەری سەرفی دەرمانی چارەسەری قەڵەوی کە تێیدا ناوی سیانی نەخۆش وە ناوی سیانی پزیشکی پسپۆر و ناوی سیانی و واژووی دەرمانساز و بەرواری لەگەڵ بێت .

**ماددەی (٥):**

لە کاتی سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییانە ، سەرپێچیکاران بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندوستی سزا دەدرێن وە لە کاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچیکردن ئەوا لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دروست دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی دارایی ئابووری**

**ژمارە: ٧٦٥٦ لە ٢٠٢٦/٨/١٠**

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە(٢٢١٧) لە(٢٠٢٦/٧/٢٣) بڕیاردرا بە هەمواركردنەوەی ماددەی(١) بڕگەی(سێیەم/ب)لە ڕێنماییمان ژمارە(٢)ی ساڵی(٢٠٢٥)بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- ئەو فەرمانبەرانەی کە فەسڵكراوانی سیاسیین بەپێی حوکمەکانی یاسای فەسڵكراوی سیاسی ئیتیحادی ژمارە(٢٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموار دەیانگرێتەوە و گەڕێندراونەتەوە سەر ڕاژە .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سەرۆک وەزیران جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢١٧٥٦ لە ٢٠٢٦/٧/٢٣**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**ترازاندنی گوندی (خورکێ) سەر بە ناحیەی ئەتریش بۆ سەر ناحیەی باعەدرێ**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٧٧٥) لە ٢٠٢٦/٦/٢١ و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/ سێیەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندابە:

**یەکەم:** ترازاندنی گوندی خورکێ بە هەمان سنووری ئێستای لە ناحیەی ئەتریش/ قەزای شێخان/ پارێزگای دهۆک لە ڕووی کارگێڕییەوە و لکاندنی بە ناحیەی باعەدرێ/ قەزای شێخان/ پارێزگای دهۆک.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٤٢٤٤ لە ٢٠٢٦/٧/٢٨**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (سەنتەری ئۆتیزمی ڕوانگە - ڕزگاری) لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان.
٢- ئەم بەیانە لەڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٦**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی منداڵان لە زاخۆ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی زاخۆ.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٨/١٢.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**

پاڵپشت بە ماددەی (٥) خاڵی سیانزەهەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان،لەسەر ڕاسپاردەی لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کۆبوونەوەی ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٥/١٣ بڕیارماندا بە نوێکردنەوەی خشتە هاوپێچەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە خشتەی ژمارە (١) تاکو خشتەی ژمارە (١٠) بەم شێوەیەی کە هاوپێچی ئەم بەیانەیە.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**خشتەی یەکەم**

| ژمارە | ناوی ماددەی هۆشبەر | ناوی کیمیای/ئاکار |
|---|---|---|
| 1 | ئەسیتۆرفین | **ACETORPHINE**<br>3-O-acetyltetrahydro-7α-(1-hydroxy-1-methylbutyl)-6,14- endo- ( ethenooripavine ) |
| 2 | ئەسیتیل-ئەلفا-میتیل فنتانیل | **ACETYL-ALPHA-METHYLFENTANYL**<br>N-[1-(α-methylphenethyl )-4-piperidyl] acetanilide |
| 3 | ئەسیتیل فنتانیل | **ACETYLFENTANIL**<br>N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)-4-piperidinyl]acetamide |
| 4 | أسیتیل میتادول | **ACETYLMETHADOL**<br>acetoxy-6-dimethylamino-4,4-diphenylheptane |
| 5 | ئەکریل فنتانیل | ئەکریل فیتانیل**ACRYLFENTANYL**<br>N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)-piperidin-4-yl]prop-2-enamide |
| 6 | فنتانیل | **ALFENTANIL**<br>N-[1-[2-(4-ethyl-4,5-dihydro-5-oxo-1H-tetrazol-1-yl)ethyl]-4- (methoxymethyl)-4-piperidinyl]-N-phenylpropanamide |
| 7 | ئەی ئێج - ٧٩٢١ | **AH-7921**<br>3,4-dichloro-N-{[1-(dimethylamino)cyclohexyl]methyl}benzamide |
| 8 | ئەلیلپرۆدین | **ALLYLPRODINE**<br>3-allyl-1-methyl-4-phenyl-4-propionoxypiperidine |
| 9 | ئەلفاسیتیل میتادۆل | **ALPHACETYLMETHADOL**<br>A-3-αcetoxy-6-dimethylamino-4,4-diphenylheptane |
| 10 | ئەلفامیبرۆدین | **ALPHAMEPRODINE**<br>α-3-ethyl-1-methyl-4-phenyl-4-propionoxypiperidine |
| 11 | ئەلفامیتادۆل | **ALPHAMETHADOL**<br>α-6-dimethylamino-4,4-diphenyl-3-heptanol |
| 12 | ئەلفا- میتیل فنتانیل | **ALPHA-METHYLFENTANYL**<br>N-[1-(α-methylphenethyl)-4-piperidyl] propionanilide |
| 13 | ئەلفا-میتیل تیۆ فنتانیل | **ALPHA-METHYLTHIOFENTANYL**<br>N-[1-[1-methyl-2-(2-thienyl)ethyl]-4-piperidyl]propionanilide |
| 14 | ئەلفابرۆدین | **ALPHAPRODINE**<br>α-1,3- dimethyl-4-phenyl-4-propionoxypiperidine |
| 15 | ئەنیلیریدین | **ANILERIDINE**<br>1-p-aminophenethyl-4-phenylpiperidine-4-carboxylic acid ethyl ester |
| 16 | بەنزیتیدین | **BENZETHIDINE**<br>1-(2-benzyloxyethyl)-4- phenylpiperidine-4-carboxylic acid ethylester |
| 17 | بەنزیل مۆرفین | **BENZYLMORPHINE**<br>3-benzylmorphine |
| 18 | بێتاسیتیل میتادۆل | **BETACETYLMETHADOL**<br>β-3- acetoxy-6-dimethylamino-4,4-diphenylheptane |
| 19 | بێتا- هایدرۆکسي فنتانیل | **BETA-HYDROXYFENTANYL**<br>N-[1-(β-hydroxyphenethyl)-4-piperidyl] propionanilide |
| 20 | بێتا– هایدرۆکسي-٣- میتیل فنتانیل | **BETA-HYDROXY-3- METHYLFENTANYL**<br>N-[1-(β- hydroxyphenethyl)-3-methyl-4- piperidyl] propionanilide |

| | | |
|---|---|---|
| **BETAMEPRODINE**<br>β-3-ethyl-1-methyl-4-phenyl-4-propionoxypiperidine | بێتامیبرۆدین | 21 |
| **BETAMETHADOL**<br>β-6- dimethylamino-4,4-diphenyl-3-heptanol | بێتا میتادۆل | 22 |
| **BETAPRODINE**<br>β-1,3- dimethyl-4-phenyl-4-propionoxypiperidine | بێتا برۆدین | 23 |
| **BEZITRAMIDE**<br>1-(3-cyano-3,3-diphenylpropyl)-4-(2-oxo-3-propionyl-1- benzimidazolinyl) piperidine | بێزیترامید | 24 |
| **Brorphine**<br>1-[1-[1-(4-bromophenyl) ethyl]-piperidin-4-yl]-1,3-dihydro-2H-benzimidazol-2-one | برۆرفین | 25 |
| **BUTONITAZENE**<br>N,N-Diethyl-2-[(4-butoxyphenyl)methyl]- 5-nitro-1H-benzimidazole-1- ethanamine | بۆتونیتازین | 26 |
| **BUTYRFENTANYL**<br>N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)-4-piperidinyl]butanamide | بیوتیرفنتانیل | 27 |
| **CANNABIS and CANNABIS RESIN and EXTRACTS and TINCTURES OF CANNABIS**<br>the flowering or fruiting tops of the cannabis plant (resin not extracted ) the separated resin , crude or purified, obtained from the cannabis plant | ڕووەکی قەنب و ڕاتینگی قەنب وهەڵێنجاو و بۆیەکانی قەنب لقی ڕووەکی قەنب کە گوڵ یا بەرگرتووە( ڕاتینگی لێ دەرنەهاتووە )<br>ڕاتینگی جیاگراوە خاوەکەی یان پاککراوەگەی،خاوەکەی یان پاککراوەگەی،کە لە ڕووەکی قەنب دەرهێنراوە | 28 |
| **CARFENTANIL**<br>Methyl 1-(2-phenylethyl)-4-[phenyl(propanoyl)amino]piperidine-4-carboxylate | کارفیتانیل | 29 |
| **CLONITAZENE**<br>2- (p-chlorobenzyl)-1-diethylaminoethyl-5-nitrobenzimidazole | کلۆنیتازین | 30 |
| **COCA LEAF**<br>The leaf of the coca bush (plant material) except aleaf from which all ecgonine, cocaine and any other ecgonine alkaloids have been removed | گەڵای کۆکا<br>گەڵای ڕووەکی کۆکا (ماددە ڕووەکیەکە). جگە ئەو گەڵایەی کە ئیکگۆنین،کۆکایین وهاوشێوە تفتەکانی دیکەی ئیکگۆنینی لێ دەرهێنراوە | 31 |
| **COCAINE**<br>Methyl ester of benzoylecgonine (an alkaloid found in coca leaves or prepared by synthesis from ecgonine) | کۆکایین<br>ماددەیەکی نزیک تفتە کە لە گەڵای کۆکا هەیە یان بە شێوەی دەستکرد لە ئیکگۆنین ئامادە دەکرێ | 32 |
| **CODOXIME**<br>Dihydrocodeinone-6-carboxymethyloxime(derivate of morphine) | کۆدۆکسیم | 33 |
| **CONCENTRATE OF POPPY STRAW**<br>The material arising when poppy straw has entered into process for the concentration of its alkaloids when such material is made available in trade, (poppy straw : all parts (except the seeds) of the opium , after mowing) | چڕکراوی پووشی خشخاش<br>ئەو ماددەی کە لەکاتی پرۆسەی جڕکردنەوەی پووشسی خەشخاش بە دەست دێت بۆدەست کەوتنی تفتی پووشەکە کە بۆمەبەستی بەزرکانی بەردەست دەگرێت (پووشی خەشخاش: هەموو بەشکانی {چکە لە تۆوەکەی} ئەفیون،باش بڕین) | 34 |

| | | |
|---|---|---|
| **Crotonylfentanyl**<br>(2E)-N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]but-2- enamide | کرۆیۆنیل فنتانیل | 35 |
| **cyclopropyfentanyl**<br>N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]cycclopropyanecarboxamide | سایکلۆپرۆپیل فنتانیل | 36 |
| **DESOMORPHINE**<br>Dihydrodesoxymorphine (derivative of morphine) | دیسۆمۆرفین | 37 |
| **DEXTROMORAMIDE**<br>(+)-4- [2-methyl-4-oxo-3,3-diphenyl-4-(1- pyrrolidinyl) butyl]morpholine | دێکسترومۆرامید | 38 |
| **DIAMPROMIDE**<br>N-[2-(methylphenethylamino)-propyl] propionanilide | دووەمی ئەمبرۆمید | 39 |
| **DIETHYLTHIAMBUTENE**<br>3- diethylamino -1,1-di-(2′- thienyl)-1- butene | دووەمی ئیتیل تیامبۆتین | 40 |
| **DIFENOXIN**<br>1-(3-cyano-3,3-diphenylpropyl)-4- phenylisonipecotic acid | دووەمی فینۆکسین | 41 |
| **DIHYDROETORPHINE**<br>7,8- dihydro- 7α– [ 1-(R)- hydroxy-1-methyl butyl] -6,14-endoEthanotetrahydrooripavine(derivative of etorphine ) | دووەمی هایدرۆئیترۆفین | 42 |
| **DIHYDROMORPHINE**<br>(derivative of morphine) | دووەمی هایدرۆمۆفین | 43 |
| **DIMENOXADOL**<br>2-dimethylaminoethyl-1- ethoxy-1,1-diphenylacetate | دووەمی مینۆکسادۆل | 44 |
| **DIMEPHEPTANOL**<br>6- dimethylamino-4,4-diphenyl-3- heptanol | دووەمی میفبتانۆل | 45 |
| **DIMETHYLTHIAMBUTENE**<br>3-dimethyl amino-1,1-di-(2′-thienyl)-1-butene | دووەمی میتیل تیامبۆتین | 46 |
| **DIOXAPHETYL BUTYRATE**<br>Ethyl-4-morpholino-2,2-diphenylbutyrate | دووەمی بۆتیراتی ئۆکسافتیل | 47 |
| **DIPHENOXYLATE**<br>1-(3-cyano -3,3-diphenylpropyl)-4-phenylpiperidine-4-carboxylicacid ethyl ester | دووەمی فینۆکسیلات | 48 |
| **DIPIPANONE**<br>4,4-diphenyl -6- piperidine -3- heptanone | دووەمی پیپانۆن | 49 |
| **DROTEBANOL**<br>3,4-dimethoxy-17-methylmorphinan -6β, 14 – diol | درۆتیپانۆل | 50 |
| **ECGONINE**<br>Its esters and derivatives which are convertible to ecgonine and cocaine | ئێکگۆنین<br>ئێستەرو جیاکراوەکانی کە دەتوانرێت بگۆردێت بۆ و ئێکگۆنین وکۆکایین | 51 |
| **ETAZENE**<br>2-[(4-Ethoxyphenyl)methyl]-N,N-diethyl-1H-benzimidazole-1-ethanamine | ئێتازین | 52 |
| **ETHYL METHYL THIAMBUTENE**<br>3-ethyl methylamino- 1,1-di- (2′-thienyl)-1-butene | ئیتیل میتیل تیامبۆتین | 53 |
| **ETONITAZENE**<br>1-diethylaminoethyl-2-p-ethoxybenzyl-5-nitrobenzimidazole | ئیتۆنیتازین | 54 |
| **ETONITAZEPIPNE**<br>N-piperidinyl etonitazene, 2-[(4-ethoxyphenyl)methyl]-5-nitro-1-[2-(1-piperidinyl)ethyl]-1H-benzimidazole | ئێتۆنیتازێپیپن | 55 |
| **ETONITAZEPYNE**<br>2-[(4-Ethoxyphenyl)methyl]-5-nitro-1-(2-pyrrolidin-1-ylethyl)-1H-benzoimidazole | ئێتۆنیتازێپاین | 56 |
| **ETORPHINE**<br>Tetrahydro-7α-(1-hydroxy -1-methylbutyl )-6,14-endoethenooripavine (derivative of thebaine ) | ئیتۆرفین | 57 |
| **ETOXERIDINE**<br>1-[2-(2-hydroxyethoxy)-ethyl]-4-phenylpiperidine-4-carboxylic acid Ethyl ester | ئیتۆکسیریدین | 58 |

| | | |
|---|---|---|
| **FENTANYL**<br>1-phenethyl -4-N-propionylanilinopiperidine | فنتانيل | 59 |
| **4-FLUOROISOBUTYRFENTANYL (4-FIBF, pFIBF)**<br>N-(4-fluorophenyl)-N-(1-phenetylpiperidin-4-yl)isobutyramide | ٤-فلۆۆ ئایزۆبیۆتیر فنتانیل | 60 |
| **FURANYLFENTANYL**<br>N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]furan-2-carboxamide | فیورانیل فنتانیل | 61 |
| **FURETHIDINE**<br>1-(2-tetrahydrofurfuryloxyethyl)-4-phenylpiperidine-4-carboxylic acid Ethyl ester | فۆریتیدین | 62 |
| **HEROIN**<br>Diacetylmorohine (derivative of morphine ) | هێرۆین | 63 |
| **HYDROCODONE**<br>dihydrocodeinone (derivative of morphine ) | هایدرۆکۆدین | 64 |
| **HYDROMORPHINOL**<br>14-hydroxydihydromorphine (derivative of morphine ) | هادیرۆمۆرفینۆل | 65 |
| **HYDROMORPHONE**<br>Dihydromorphinone(derivative of morphine ) | هادیرۆمۆرفۆن | 66 |
| **HYDROXYPETHIDINE**<br>4-M- hydroxyphenyl-1-methylpiperidine -4-carboxylic acid ethyl ester | هایدرۆکسی بیتیدین | 67 |
| **ISOMETHADONE**<br>6-dimethylamino-5- methyl-4,4-diphenyl-3-hexanone | ئایسۆمیتادۆن | 68 |
| **ISOTONITAZENE**<br>N,N-diethyl-2-(2-(4-isopropoxybenzyl)-5-nitro-1H-benzo[d]imidazol-1-yl)ethan-1-amine | ئیسۆتۆنیتازین | 69 |
| **KETOBEMIDONE**<br>4-M-hydroxyphenyl-1-methyl-4-propionylpiperidine | کیتۆبیمیدۆن | 70 |
| **LEVOMETHORPHAN**<br>(-)-3-methoxy-N-methylmorphinan | لیڤۆمیتۆرفان | 71 |
| **LEVOMORAMIDE**<br>(-)-4-[2-methyl-4-oxo-3,3-diphenyl-4-(1-pyrrolidinyl)butyl] morpholine | لیفۆمۆرامید | 72 |
| **LEVOPHENACYLMORPHAN**<br>(-)-3-hydroxy-N-phenacylmorphinan | لیڤۆ فیناسیل مۆرفان | 73 |
| **LEVORPHANOL**<br>(-)-3-hydroxy-N-methylmorphinan | لیڤۆرفانۆل | 74 |
| **METAZOCINE**<br>2′-hydroxy-2,5,9-trimethyl-6,7-benzomorphan | میتازۆسین | 75 |
| **METHADONE**<br>6-dimethylamino-4,4-diphenyl-3-heptanone | میتادۆن | 76 |
| **METHADONE INTERMEDIATE**<br>4- cyano-2-dimethylamino-4,4-diphenylbutane | نێوەندی میتادۆن | 77 |
| **Methoxyacetylfentanyl**<br>2-methoxy-N-phenyl-N-[C145:C1591-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]acetamide2- methoxy-N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]acetamide | میتۆکسی ئەسیتیل فنتانیل | 78 |
| **METHYL DESORPHENE**<br>6-methyl-Δ6-deoxymorphine (derivative of morphine ) | میتیل دیسۆرفین | 79 |
| **METHYLDIHYDROMORPHINE**<br>6-methyldihydromorphine(derivative of morphine) | میتیل دووەمی هایدرۆمۆرفین | 80 |
| **2-METHYL-AP-237**<br>1-{2-Methyl-4-[(2E)-3-phenylprop-2-en-1-yl]piperazin-1-yl}butan-1-one | ٢- میتیل- ئی پی- ٢٣٧ | 81 |
| **3- METHYLFENTANYL**<br>N-(3-methyl-1-phenethyl-4-piperidyl) propionanilide | ٣- میتیل فنتانیل | 82 |
| **3- METHYL THIOFENTANYL**<br>N-[3-methyl -1-[2-(2-thienyl)ethyl]-4-piperidyl] propionanilide | ٣- میتیل تیۆفنتانیل | 83 |
| **METONITAZENE**<br>N,N-diethyl-2-(2-(4-methoxybenzyl)-5-nitro-1H-benzo[d]imidazol-1-yl)ethan-1-amine | میتۆنیتازین | 84 |

| | | |
|---|---|---|
| **METOPON**<br>5- methyldihydromorphine(derivative of morphine) | میتۆپۆن | 85 |
| **MORAMIDE INTERMEDIATE**<br>2-methyl -3-morpholino-1,1-diphenylpropane carboxylic acid | نێوەندی مۆرامید | 86 |
| **MORPHERIDINE**<br>1-(2-morpholinoethyl)-4- phenyl piperidine -4-carboxylic acid ethyl ester | مۆرفیریدین | 87 |
| **MORPHINE**<br>The principal alkaloid of opium and of opium poppy | مۆرفین<br>ماددەی نزیک تفتی سەرەکی<br>ئەفیون و خشخاشی ئەفیون | 88 |
| **MORPHINE METHOBROMIDE AND OTHER PENTAVALENT NITROGEN MORPHINE DERIVATIVES**<br>including in particular the morphine –N- oxide derivatives , one of which is codeine –N-oxide | میتۆبرۆمیدی مۆرفین<br>وجیاکراوەکانی تری مۆرفین<br>کەنایترۆجینیی پێنجی هەیە، بە<br>تایبەتی<br>جیاکراوەکانی ئۆکسیدی<br>نایترۆجینیمۆرفین، لەویش<br>ئۆکسیدی نایترۆجینی کۆداییین | 89 |
| **MORPHINE –N-OXIDE**<br>(derivative of morphine ) | ئەکسیدی نێترۆرجینی مۆرفین | 90 |
| **MPPP**<br>1-methyl-4- phenyl-4- piperidinol propionate (ester) | ئێم پی پی پی | 91 |
| **MT-45**<br>1-cyclohexyl-4-(1,2-diphenylethyl)piperazine | ئێم تی-٤٥ | 92 |
| **MYROPHINE**<br>Myristylbenzylmorphine (derivative of morphine) | میرۆفین | 93 |
| **N-DESETHYL ISOTONITAZENE**<br>N-ethyl-2-[2-[(4-isopropoxyphenyl)methyl]-5-nitro-benzimidazol-1-yl]ethanamine | ئێن-دێسیتیل ئیزۆتۆنیتازین | 94 |
| **NICOMORPHINE**<br>3,6 – dinicotinylmorphine (derivative of morphine) | نیکۆمۆرفین | 95 |
| **NORACYMETHADOL**<br>(±)-α-3-acetoxy-6-methylamino-4,4-diphenylheptane | نۆراسیمیتادۆل | 96 |
| **NORLEVORPHANOL**<br>(-)-3-hydroxymorphinan | نۆرلیڤۆرفانۆل | 97 |
| **NORMETHADONE**<br>6-dimethylamino -4,4-diphenyl-3-hexanone | نۆرمیتادۆن | 98 |
| **NORMORPHINE**<br>demethylmorphine(derivate of morphine) | نۆرمۆرفین | 99 |
| **NORPIPANONE**<br>4,4-diphenyl-6-piperidino-3-hexanone | نۆرپیپانۆن | 100 |
| **N-PYRROLIDINO METONITAZENE**<br>2-(4-methoxybenzyl)-5-nitro-1-(2-(pyrrolidin-1-yl)ethyl)-1H-benzo[d]imidazole | ئێن-پیرۆلیدینۆ میتۆنیتازین | 101 |
| **N-PYRROLIDINO PROTONITAZENE**<br>2-(4-propoxybenzyl)-5-nitro-1-(2-(pyrrolidin-1-yl)ethyl)-1H-benzo[d]imidazole | ئێن-پیرۆلیدینۆ پرۆتۆنیتازین | 102 |
| **OCFENTANIL**<br>N-(2-fluorophenyl)-2-methoxy-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]acetamide | ئۆکفنتانیل | 103 |
| **OPIUM**<br>the coagulated juice of the opium poppy (plant species papaversomniferum L.) | ئەفیۆن<br>کیراوەی چڕکراوەی خەشخاشی<br>ئەفیۆن (ڕووەکی جۆری<br>خەشخاشی خەوهێن)<br>papaversomniferum L. | 104 |
| **ORIPAVINE**<br>3-O-demethylthebaine | ئۆریبافین | 105 |
| **Orthofluorofentanyl**<br>N-(2-fluorophenyl)-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]propanamide | ئۆرتوۆفلۆرۆفیتابیل | 106 |

| | | |
|---|---|---|
| **OXYCODONE**<br>14-hydroxydihydrocodeinone (derivate of morphine) | ئۆکسیکۆدۆن | 107 |
| **PARAFLUOROBUTYRYLFENTANYL**<br>N-(4-Fluorophenyl)-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]butanamide | پارافلووروبیوتیریل فنتانیل | 108 |
| **PARA-FLUOROFENTANYL**<br>4-fluoro-N-(1-phenethyl-4-piperidyl) propionanilide | پارا – فلۆرۆفنتانیل | 109 |
| **PEPAP**<br>1-phenethyl-4-phenyl-4-piperidinol actate (ester) | پیپاب | 110 |
| **PETHIDINE**<br>1-mythel1-4 phenylpiperidine-4- carboxylic acid ethyl ester | پێتیدین | 111 |
| **PETHIDINE INTERMEDIATE A**<br>4-cyano -1-methyl-4-phenylpiperidine | نێوەندی پێتیدین أ | 112 |
| **PETHIDINE INTERMEDIATE B**<br>4- phenylpiperidine -4- carboxylic acid ethyl ester | نێوەندی پێتیدین ب | 113 |
| **PETHIDINE INTERMEDIATE C**<br>1-methyl-4-phenylpiperidine-4-carboxylic acid | نێوەندی پێتیدین ج | 114 |
| **PHENADOXONE**<br>6-morpholino-4,4-diphenyl -3-heptanone | فینادۆکسۆن | 115 |
| **PHENAMPROMIDE**<br>N-(1-methyl-2-piperidinoethyl) propionanilide | فینامبرۆمید | 116 |
| **PHENAZOCINE**<br>2′-hydroxy-5,9-dimethyl-2-phenethyl-6,7-benzomorphan | فینازۆسین | 117 |
| **PHENOMORPHAN**<br>3-hydroxy –N-phenethylmorphinan | فینۆمۆرفان | 118 |
| **PHENOPERIDINE**<br>1-(3-hydroxy-3-phenylpropyl)-4-phenylpiperidine -4-carboxylic acid ethyl ester | فینۆپیریدین | 119 |
| **PIMINODINE**<br>4-phenyl-1-(3-phenylaminopropyl) piperidine -4-carboxylic acid ethyl ester | پیمینۆدین | 120 |
| **PIRITRAMIDE**<br>1-(3-cyano-3,3-diphenylpropyl)-4-(1-piperidino)piperidine-4- carboxylic acid amide | پیریترامید | 121 |
| **PROHEPTAZINE**<br>1,3-dimethyl -4-phenyl-4- propionoxyazacycloheptane | پرۆهبتازین | 122 |
| **PROPERIDINE**<br>1-methyl -4-phenylpiperidine-4- carboxylic acid isopropyl ester | پرۆپیریدین | 123 |
| **PROTONITAZENE**<br>N,N-Diethyl-5-nitro-2-[(4-propoxyphenyl)methyl]-1H-benzimidazole-1-ethanamine | پرۆتۆنیتازین | 124 |
| **RACEMETHORPHAN**<br>(±)-3-methoxy-N-methylmorphinan | راسیمیتۆرفان | 125 |
| **RACEMORAMIDE**<br>(±)-4-[2-methyl-4-oxo-3,3-diphenyl-4-(1-pyrrolidinyl) butyl] morpholine | راسیمۆرامید | 126 |
| **RACEMORPHAN**<br>(±)-3- hydroxy-N-methylmorphinan | راسیمۆرفان | 127 |
| **REMIFENTANIL**<br>1-(2-methoxycarbonylethyl)-4-(phenylpropionylamino)piperidine-4- carboxylic acid methyl ester | ریمیفنتانیل | 128 |
| **SUFENTANIL**<br>N-[4-(methoxymethyl)-1-[2-(2-thienyl)ethyl]-4-piperidyl] propionanilide | سۆفنتانیل | 129 |
| **THEBACON**<br>Acetyldihydrocodeinone (acetylated enol form of hydrocodone) | تیباکۆن | 130 |

| | | |
|---|---|---|
| **THEBAINE**<br>(an alkaloid of opium ;also found in papaverbracteatum) | تیبابین<br>یەکێکە لە لێکچووی تفتی ئەفیون، ولە خەشخاشی قەنبیش هەیە | 131 |
| **THIOFENTANYL**<br>N-[1-[2-(2-theinyl) ethyl]-4-piperidyl] propionanilide | تیۆفنتانیل | 132 |
| **TILIDINE**<br>(±)-ethyl-trans-2-(dimethylamino)-1-phenyl-3-cyclohexene-1- carboxylate | تیلیدین | 133 |
| **TRIMEPERIDINE**<br>1,2,5-trimethyl-4-phenyl-4-propionoxypiperidine | سێیەمی میپیریدین | 134 |
| **METHYLAMPHETAMINE**<br>ئەوەی لە حەبەکانی ئەلکابتاکۆن دایە ، zero –one ، و بلورەکانی ئەو ماددەیە لەنێو خۆبە شیشە ناسراوە | میتیل ئەمفیتامین | 135 |
| **U-47700**<br>3,4-dichloro-N-(2-dimethylamino-cyclohexyl)-N-methylbenzamide | یو - ٤٧٧٠٠ | 136 |
| **KHAT**<br>Cathaedulis | قات | 137 |
| **AMFETAMINE, amphetamine**<br>المحتوى في حبوب الكبتاكون المزيف(±) -α-methylphenethylamine () | ئەمفیتامین | 138 |
| **DEXAMFETAMINE,dexamphetamine**<br>(+)-α-methylphenethylamine | دێکسامفیتامین | 139 |
| **LEVAMFETAMINE , levamphetamine**<br>(-)-(R)-α-methylphenethylamine (amphetamine)(-)isomer | لیڤامفیتامین | 140 |
| **Levomethamphetamine**<br>(-)-N,α-dimethylphenethylamine | لیڤۆمفیتامین | 141 |
| **METAMFETAMINE RACEMATE**<br>methamphetamine , racemate<br>(±)-N,α- dimethylphenethylamine | راسیمات میتامفیتامین | 142 |
| **DRONABINOL**<br>delta-9-tetrahydrocannabinol and its stereochemical variants<br>(6αR,10αR)-6α,7,8,10α-tetrahydro-6,6,9-trimethyl -3-pentyl-6Hdibenzo<br>[b,d]pyran-1-ol | درۆنابینۆل<br>دەلتا-٩-تێتراهایدرۆکانابینۆل وجێگرەوە کیمیاییە بەتاڵەکانی | 143 |
| **Tetrahydrocannabinol**<br>the following isomersand their stereochemical variants7,8,9,10-tetrahydro-6,6,9-trimethyl-3-pentyl-6H dibenzo [b,d]pyran-1-ol(9R,10aR)-8,9,10,10a-tetrahydro-6,6,9-trimethyl-3-pentyl-6Hdibenzo[b,d]pyran-1-ol(6aR,9R,10aR)-6a,9,10,10a-tetrahydro-6,6,9-trimethyl-3-Pentyl-6H-dibenzo[b,d]pyran-1-ol(6aR ,10aR )-6a,7,10,10a-tetrahydro-6,6,9-trimethyl-3-pentyl-6H-dibenzo[b,d]pyran-1-o16a,7,8,9-tetrahydro-6,6,9-trimethyl-3-pentyl-6H-dibenzo[b,d]pyran-1-ol(6aR,10aR)-6a,7,8,9,10,10a-hexahydro-6,6-dimethyl-9-methylene3-pentyl-6H-dibenzo[b,d]pyran-1-ol | تێتراهایدرۆکانابینۆل، وئەو ئایسۆمیراتانەی خوارەوە لەگەڵ جێگرەوە کیمیاییە بەتاڵەکانیشیان | 144 |
| **Valerylfentanyl**<br>N-phenyl-N-[1-(2-phenylethyl)piperidin-4-yl]pentanamide. | ڤالێریل فنتانیل | 145 |
| **MDE,N-ETHYL MDA**<br>(±)N- ethyl-α-mythyl-3,4- (methylenedioxy)phenethylamine | ئێم دی ئی،ئێن ئیتیل ,ئێم دی ئەی | 146 |
